المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:69-99
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بیرەوەری و یاداشت

## پێناسە، تایبەتمەندی و جۆرەکانی

ئەزێ ئازاد ئەبوبەکر[1]، سۆزان کەریم مستەفا[2]

[1]ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2]کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: azee.abobaker@univsul.edu.iq[1] suzan.mustafa@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

بیرەوەری و یاداشت هاوشێوەی بەشێکی زۆری چەمکەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، دوو چەمکی فرەڕەهەند و خاوەن چەندین تایبەتمەندین کە وا دەکات دۆزینەی پێناسەیەکی گشتگیر کە سەرجەم جۆر و شێوازەکانی بگرێتەوە، ئاسان نەبێت و دیاریکردنی کایە و زانستی تایبەت بەم دوو چەمکە بەردەوام جێگەی مشتومڕ بێت و لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبیات و مێژوو لە هاتووچۆدا بێت، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەی وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە هەبێت. ئەم توێژینەوە هەوڵێکی تیۆرییە بۆ پێناسەکردنی ئەم دوو چەمکە، دەستنیشانکردنی جۆرەکانیان، تایبەتمەندی و گرنگیان و هەروەها خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوانیان. بۆ ئەم مەبەستە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی کتێبخانە، ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم چەمکانە و کارکرد و بایەخیان بۆ زانست و کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان خراوەتە ڕوو. توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێك هاتووە؛ تەوەری یەکەم تایبەت کراوە بە چەمکی بیرەوەری، جۆر و تایبەتمەندییەکانی و لە تەوەری دووەمدا باس لە یاداشت و جۆرەکانی کراوە و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی لەگەڵ بیرەوەریدا ڕوون کراوەتەوە.

**کلیلەوشە:** بیرەوەری، یاداشت، بیرگە، گێڕانەوەی کەسی، ڕابردوو.

**الملخص:**

المذكرات واليوميات، مثل معظم المفاهيم في العلوم الإنسانية، مفهومان متعددان في ألابعاد لهما العديد من الخصائص التي تجعل من الصعب العثور على تعريف شامل يغطي جميع الأنواع و الأساليب، و يتحرك هذين المفهومين باستمرار بين الأدب و التاريخ مع وجود صلات بعلوم أخرى مثل علم الاجتماع وعلم النفس. هذه الدراسة محاولة نظرية لتعريف هذين المفهومين و تحديد أنواعهما و خصائصهما و أهميتهما، بالإضافة إلى تحديد النقاط المشتركة و المختلفة بينهما. لهذا الغرض تم عرض الأبعاد المختلفة لهذين المفهومين و وظيفتهما و أهميتهما لمختلف العلوم و مجالات العلوم الإنسانية، عبر استخدام موارد المكتبة. تتكون الدراسة من موضوعين رئيسيين؛ المبحث الأول خاص بمفهوم المذكرات و أنواعها و خصائصها، بينما المبحث الثاني يناقش اليوميات و أنواعها و يشرح نقاطها المشتركة و المختلفة.

**الكلمات المفتاحية:** المذكرات، اليوميات، الذاكرة، السرد الشخصي، الماضي.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

Like most concepts in the human sciences, memory and diary are two multidimensional concepts with many characteristics that make it challenging to find a comprehensive definition covering all types and forms. The scope and science specific to these two concepts are constantly debated in literature and history. They are also related to other sciences, such as sociology and psychology. This study is a theoretical attempt to define these two concepts, identify their types, characteristics, importance, and the common and different points between them. For this purpose, the different dimensions of these concepts, their function and importance to science and the different aspects of human science have been shown using library resources. The study consists of two main themes; the first is devoted to memory, its types, and characteristics, and the second discusses diaries and their types. It also explains their common and different points.

**Keywords:** memoir, diary, memory, personal narrative, past.

## پێشەکی

بیرەوەری هاوشێوەی زۆرێنەی زاراوە و چەمکەکانی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، چەمکێکی ئاڵۆز، فرەڕەهەند و جێگەی مشتومڕە، ئەم ئاڵۆزییە جیا لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی پەیوەست بە زانستە مرۆڤایەتییەکان کە تێیدا دیاریکردنی چوارچێوەی هاوبەش و پێناسەی ڕێککەوتنکراو لەسەر چەمکەکان ئەستەمە، بەشێکی دیکەی بۆ تایبەتمەندییەکانی هەر زمانێك لە بەکارهێنان و داتاشینی هەر وشە و وەرگێرانی چەمکەکان لە زمانەکانی دیکەوە دەگەڕێتەوە.

چەمکی بیرەوەری سەرەڕای سەرجەم ئەو پێناسانەی کە تاوەکو ئێستا بۆی کراوە، بەڵام زۆرینەی توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە لە زمانە جیاوازەکاندا پێیان وایە کە خودی چەمکەکە، بە هۆی فرەژانرِی، لاستیکیبوونی و هاوسنووری لەگەڵ بابەتەکانی دیکەی وەکو ئەدەبیات، مێژوو، دەروونناسی و کۆمەڵناسی، دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیر کە سەرجەم جۆرەکانی تایبەت بەم چەمکە لە خۆ بگرێت، ئاسان نییە و لە هەر زمانێکدا کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم ئاڵۆزیی و ناڕوونییە کاتێك زیاتر دەبێت کە چەمکەکە لە زمانەکانی تری وەك ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی و فەڕەنسییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و ڕێکنەکەوتن لەسەر کۆمەڵێك وشە و چەمکی تایبەت بەم بوارە وای کردووە کە زۆرجار لە وەرگێڕانەکاندا چەمك و وشەی گونجاو بەکار نەیەت.

بەشێکی ئەم هەڵە تێگەیشتنانە بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی وشەی "یاداشت" دەگەڕێتەوە کە لە زۆربەی فەرهەنگ و کتێبەکانی تایبەت بە چەمکناسی جێی خۆی کردۆتەوە، کە ئەگەرچی لە ڕووی واتاییەوە ناتوانین بڵێین هەڵەیە، بەڵام وەك چەمك، ورد نییە و لە زمانی کوردیدا وشەی گونجاوتر هەیە، بۆ نموونە لە وەرگێڕانێکدا لە بری وشەی "خاطرات"ی زمانی فارسی کە بە مانای "بیرەوەری" دێت، وشەی "یادداشت" بەکارهاتووە کە ورد نییە و هەروەك لە درێژەی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێدەدەین ئەم دوو چەمکە سەرەڕای خاڵە لێکچوونەکانیان، بەڵام لە ڕەهەند و پێناسەدا جیاوازیان هەیە.[1] جگە لەم هۆکارە سەرەکییە، لە بنەڕەتدا لە زمانی کوردی و بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، وەکو پێویست توێژینەوە و نووسینی تایبەت بەم بوارە ئەنجام نەدراوە و بە هۆی گرنگینەدانی لێکۆڵەران بە شیکردنەوەی چەمك و زاراوەکانی تایبەت بەم بوارە، بۆ توێژەر و وەرگێڕی کورد ئاسان نییە کە چەمك و وشە هاوواتاکان بەکار بهێنێت.

---

[1] بڕوانە: عالمە رنگریز، "پێگە (گرنگی) یادداشتەکان لە نووسینەوەی مێژوودا"، وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەرکان ئەحمەد جاف، گۆڤاری خاڵ، ژمارە 36، ل 148. نموونەکانی تر: بەکارهێنانی وشەی یاداشت لە بری وشەی "autobiographie". بڕوانە: موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2012، ل 307؛ تەنانەت وشەی یاداشت لە بری وشەی عەرەبی "مذكرات" بەکارهاتووە کە نەگونجاوە. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران، 2015، ص 102. لەم جۆرە بەکارهێنانە لە کتێبە عەرەبییەکانیش دەبینرێت بۆ نموونە: لە وەرگێڕانی عەرەبی بۆ کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی (JOSEPH ANTON)، لە بری وشەی "memoir" کە بە مانای بیرەوەری دێت، چەمکی "سيرة ذاتية" بەکار هاتووە کە ورد نییە و پێویستە ئەم چەمکە بۆ وەرگێڕانی "autobiography" بەکار بێت. سلمان رشدي، جوزف أنطون (سيرة ذاتية)، ترجمة: أسامة اسبر، منشورات الجمل، 2020.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەو پێیەی کە بیرەوەری و یاداشتەکان بە هۆی سنووری کارکردن و ڕەهەندە جیاوازەکانیانەوە جگە لە لە ژانرە سەرەکییەکانی وەك ئەدەبیات و مێژوو و هەروەها کۆمەڵناسی، دەروونناسی نزیك دەبنەوە و بایەخی تایبەتیان لەم بوارانەدا هەیە، وەك سەرچاوەیەکی گرنگی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکانی ئەم بوارانە سوودیان لێ دەبینرێت. ئەمە وا دەکات بۆ ئەوەی شێوازی بەکارهێنان و مامڵەکردن لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە بۆ توێژەران روون بێتەوە، پێویستە ئەم چەمکانە پێناسەی وردیان بۆ بکرێت، تایبەتمەندییەکانیان بناسێنرێت، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی وەك سەرچاوەی لێکۆڵینەوە دیاری بکرێت و دواجار گرنگی و بایەخەکانی ڕوون بکرێتەوە.

**گرنگی توێژینەوە**

سەرەڕای ئەوەی کە نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت لە پەرسەندندایە و بەکارهێنانی وەك سەرچاوەیەکی بەنرخ لە زانکۆ جیهانییەکان لە گەشەکردن دایە، بەڵام لە باشووری کوردستان و بواری ئەکادیمیدا وەك پێویست لە لایەنی تیۆرییەوە کار لەسەر ناساندن و شیکردنەوەی ئەم چەمکانە نەکراوە، ئەم توێژینەوە لەم پێناوەدا هەوڵی داوە ئەم کەموکورتییە پڕ بکاتەوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

چەمکی بیرەوەری و یاداشت بە چ واتایەك دێن و تایبەتمەندییەکانی چین و هەڵگری کام خەسڵەتانن؟ بایەخیان وەك سەرچاوەیەکی کایەکانی ئەدەبیات و مێژوو و کایەکانی تر لە چییدایە و چ کارکردێکیان هەیە؟ بیرەوەری و یاداشت بەسەر چەند جۆر دابەش دەبن و لێکچوون و جیاوازیان لە چیدایە؟

**ئامانجی توێژینەوە**

ناساندنی چەمکەکانی بیرەوەری و یاداشت، دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانییان، ڕەهەندە جیاوازەکان و بایەخیان لە کایە جیاوازە زانستی و ئەدەبییەکان.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم نووسینە، توێژینەوەیەکی تیۆرییە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکاری چەمکەکانی بیرەوەی و یاداشت، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە و بۆچوونی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە 1. بیرەوەری 2. یاداشت؛ لە هەر بەشێکدا پێناسە، تایبەتمەندی، گرنگی تایبەت بەهەر یەکێکیان باس کراوە و دواتر جیاوازی نێوانیان ڕوون کراوەتەوە.

**1- بیرەوەری؛ چەمك و پێناسە**

لە زمانی ئینگلیزیدا هاوشێوەی زمانەکانی تر، هەندێك جار تێکەڵی و ناڕوونییەك لە بەکارهێنانی وشەی بیرەوەری بەدی دەکرێت، کە بەشێکی بۆ پێناسەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە و بەشێکی تری بۆ تێکەڵبوونی پێناسە و سنووری کارکردنی چەمکی بیرەوەری لەگەڵ چەمکەکانی تری وەك خودژیاننامە.[2] بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا لە بری وشەی بیرەوەری، وشەی "memoir"[3] بەکاردێت کە لە بنەڕەتەوە لە وشەی فەڕەنسی "mémoire" وەرگیراوە کە لە ڕووی واتاییەوە بە مانای ئەو شتە

---

[2] *تۆماس کۆزەر*، لێکۆڵەری بواری بیرەوەری، لەم بارەیەوە دەڵێت: لە زمانی ئینگلیزیدا "پێناسەیەکی ڕوون وسادەی ئەم چەمکە (memoir) بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەستەمە... بەدرێژایی ساڵانیکی زۆر لە لایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانەوە بە شێوەیەکی زۆر دژیەك و ناڕوون بەکار هاتووە".

G. Thomas Couser (2014), “Memory, Memoir, and Mimesis”, Online pdf on: https://www.academia.edu/9470841/Memory_Memoir_and_Mimesis, p. 1. accessed: 6 8 2022.

[3] لە زمانی کوردیدا و لە لایەن بەشێك لە لێکۆڵەرانەوە چەندین وشە بۆ وەرگێڕانی memoir بەکارهاتووە، بۆ نموونە: سەلام ناوخۆش لە ڕووی چەمکەوە، "بیرەوەری" بەکارهێناوە. سەلام ناوخۆش، هیچ کاتێ نیشتمان هی هەمووان نەبووە، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی، تاران، 2021، ل 10؛ بەڵام لە ڕووی واتاییەوە وشەکانی: یاداشت، ڕۆژانە و ژیاننامە بەکار هێناوە. سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی-کوردی، کوردی-ئینگلیزی)، چاپی پێنجەم، 2006، ل 208. لە فەرهەنگەکانی تر بەهەمان شێوە وشەکانی ژیاننامە، ژیننامە، ژیاننامەی خۆ، بیرنامە. حەمە ڕەشید قەرەداخی، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی-کوردی)، نەشری ئیحسان، تەهران، 2006، ل 577؛ هەروەها "بیرەوەری"ش بەکار هاتووە. شەفیق قەزاز، فەرهەنگی شارەزوور کوردی-ئینگلیزی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2000، ل 577.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دێت کە پەیوەستە بە ڕابردووەوە، هەروەها ئەو شوێنەی مێشکە کە یادگارییەکانی ڕابردوو هەڵ دەگرێت، هەڵگرتنی ڕووداوێك کە هێشتا زیندووە.[4] بەڵام ئەگەر وشەکە بە "کۆ" بنووسرێت واتای "یادگاریی نووسراوی کەسێك" لەسەر ژیانی تایبەتی یان گشتی خۆی دەگەیەنێت.[5] لە زمانی فەڕەنسی لە بری وشەی بیرەوەری، وشەی "souvenir" بەکار دێت کە بە مانای هەر شتێك دێت کە لە ئەزموونی ڕابردووەوە بێتەوە یادمان، یان هەر وێنەیەك کە لە ناو بیرگەدا[6] هەڵگیرا بێت یان هەر شتێك وەکو شایەتحاڵ لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆمان بمێنێتەوە.[7] خودی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی "memoria" وەرگیراوە کە لە ساڵی 1050ز هاتووەتە ناو زمانی فەڕەنسی و بە هەمان شێوەی زمانی فەڕەنسی لە حاڵەتی تاکدا بە مانای بیرگە و شوێنی هەڵگرتنی یادگاری دێت و لە حاڵەتی کۆدا بە مانای کۆمەڵێك یادگاری کۆکراوەی کەسیی دێت.[8]

لە فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا ئینگلیزییەکان پێناسەکانی چەمکی بیرەوەری لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا کۆ دەکرێنەوە؛ ئینسکلۆپیدیای *بریتانیکا*، بیرەوەری وەك ژانرێکی "مێژوویی" پێناسە دەکات، کە بریتییە لە مێژوو و تۆمارێك کە لە "بینین و ئەزموونێکی کەسی"یەوە پێکهاتووە. لەم پێناسەیدا بیرەوەرینووس بە زۆری ئەو کەسەیە کە لە ڕووداوە مێژووییەکان ڕۆڵی هەبووە یان لە نزیکەوە بینیوێتی و ئامانجی سەرەکی وەسف و لێکدانەوەی ڕووداوەکانە.[9] لە فەرهەنگی *ئۆکسفۆرد* بیرەوەری لە مانا گشتییەکەیدا بریتییە لە باسێك/گێڕانەوەیەك (account) کە لە لایەن "کەسێك" و بەتایبەتی "کەسێکی ناودار" سەبارەت بە ژیان و "ئەزموون"ەکانی نووسرا بێت. لە پێناسە فەرمییەکەی بریتییە لە باسێکی (گێڕانەوەیەکی) نووسراوی ژیانی کەسێک، شوێنێک، یان ڕووداوێک لە لایەن کەسێکەوە نوسراوە کە بە باشی شارەزا و ئاگادار بەسەرهات و ڕووداوەکانە.[10] فەرهەنگی *کەمبریج* بەم شێوەیە پێناسە دەکات: کتێبێک یان پارچە نووسینێکە لەسەر بنەمای "زانیاری کەسی"ی نووسەر لەسەر "کەسانی ناودار"، "شوێن"

---

Ali Jawshani, Kurdistanica Dictionary (English-Kurdish-Persian), Volume One, First Edition, Mang Publication, 2015, p. 194. بەڵام لە سەرجەم ئەم فەرهەنگانە وشەی بیرەوەری یان "یادەوەری" لە بەرامبەر وشەی "memory" بەکارهاتووە کە جگە لەمانە ماناکانی تری وەك: یادگە، بیر، هۆش، یاد، بیرکردنەوە بەکار هاتووە. کەواتە تێکەڵکردن و ناڕوونییەك لە وەرگێڕانی ئەم دوو وشەیە دەبینرێت کە بەشێکی بۆ تێنەگەیشتنی تەواوەتی و هەڵە بەکارهێنانی وەرگێڕانەکان، هەروەها ڕێکنەکەوتن لەسەر بەکارهێنانی چەمکی هاوبەشی کوردی دەگەڕێتەوە و بەشێکی تر بۆ خودی وشە ئینگلیزییەکە دەگەڕێتەوە کە لە هەردووکیان مانای بیرەوەری (یان یادەوەری) دەگەیەنن، بەو جیاوازییەی کە وشەی "memory" بە مانای بیرگە (یان یادگە)ش دێت. جیاوازییەکی وردی نێوان ئەم دوو وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا لەوە دایە کە memory بۆ بیرەوەرییەکی زەینی دەگەڕێتەوە کە هێشتا نەگوتراوە و نەنووسراوە، بەڵام کاتێك هاتە سەر زمان (گێڕانەوەی زارەکی) و نووسین (وەك کتێب) لێرەدا وشەی memoir بەکار دێت. بیرگە بە هۆی بیرەوەرییەوە دێتە گۆ و لە زماندا خۆی بەزیندوویی دەهێڵێتەوە، بیرەوەری، بیرگە دەکات دەقێکی نووسراو و لە مردن ڕزگاری دەکات.

Shirley Lim, "Embodied Memory and Memoir", Biography, Volume 26, Number 3, Summer 2003, pp. 444.
[4] Le Robert Micro Poche, Dictionnaire De La Langue Francaise, “memoire”, redaction dirigee par: Alain Rey, Nouvelle edition (1988), PARIS, 1993, p. 792.
[5] Dictionnaire Larousse Mini, “memoire”, Paris, 2008, p. 550.

[6] لەم توێژینەوەیە لە بری وشەی "memory" لە زمانی ئینگلیزی، وشەی "ذاكرە" لە زمانی عەرەبی و وشەی "حافظە" لە زمانی فارسیدا، وشەی "بیرگە" بەکار دێت کە بە مانای شوێنی هەڵگرتنی بیر (یاد) و سەرچاوەی بیرەوەری دێت. بڕوانە: بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (کوردی-ئینگلیزی)، بەرگی بەکەم: پیتی (ئ) تا کۆتایی (جێ)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 83؛ گیوی موکریانی: فەرهەنگی کوردستان، بەرگی یەکەم، پێداچوونەوە و و زێدەکردنی: کوردستان موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017، ل 195؛ ئەمین گەردیگلانی، فەرهەنگی ڕێژنە (کوردی- کوردی- فارسی)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2009، ل 47؛ هەروەها بە شێوەی "بیر" هاتووە: فرهنگ دانشگاه کردستان، فارسی – کردی (سە جلدی، جلد دوم)، بە سرپرستی: ماجد مردوخ روحانی، جلد سوم، انتشارات دانشگاه کردستان، 1385، ص 874.

[7] Le Robert Micro Poche, Idem, p. 1210.
[8] lettres.tice.ac-orleans-tours, “MEMOIRES”, Etymologie du mot “mémoires” (ac-orleans-tours.fr), accessed: 24/7/2022. La langue francaise, “Mémoire”, https://www.lalanguefrancaise.com/dictionnaire/definition/memoire, accessed: 24/7/2022.
[9] Britannica, “memoir”, https://www.britannica.com/topic/memoir-historical-genre, accessed: 25/6/2021.
[10] A. S. Hornby, “memoir”, Oxford Advanced learners Dictionary of current English, Edit by Sally Wehmeier, Seventh edition, Oxford University Press, p. 957.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 69-99
***المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية***
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یان "ڕووداوەکان"، هەروەها تۆمارێکی نووسراوی ژیان و ئەزموونەکانی کەسێکە، کە بەگشتی کەسێکی ناودارە.[11] لە فەرهەنگی *Macmillan* بیرەوەری بریتییە لە گێڕانەوەی/باسی (account) ئەزموونەکانی "کەسێك" کە لە لایەن خودی ئەو کەسە نووسرا بێت، بەتایبەتی ئەزمونەکانی کەسێك کە لە "ڕووداوە سیاسی و سەربازی"یە گرنگەکان بەشداری کردبێت.[12]بە هەمان شێوە لە فەرهەنگی *Webster Merriam*، بیرەوەری گێڕانەوەیەکە[13] (narrative) کە لە "ئەزموونی کەسی" پێك هاتووە.[14]

بەپێی ئەم پێناسانە دەتوانین چەمکی بیرەوەری لە چەند ئەدگارێکدا کۆ بکەینەوە: 1. بیرەوەری بریتییە لە گێڕانەوەی ئەزموونێك لە ڕابردوو 2. ئەزموون و گێڕانەوەیەکی تەواو کەسییە (personal) 3. دەقێکی نووسراوە 4. گێڕانەوەی کەسایەتییە ناودار و ناسراوەکانە.

لە بەشێك لەو پێناسانەی کە بۆ بیرەوەری کراوە، ئەم چەمکە بە بیرەوەری "کەسایەتییەکان" یەکسان کراوە، واتە ئەو بیرەوەرییانەی کە لە لایەن کەسایەتییەکی ناودار وکاریگەر، کاربەدەستانی سیاسی، سەربازی، کولتووری و ئایینی نووسراوە.[15] هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسایەتییە سیاسییەکان بە هۆی پێگەیانەوە، کەسانێکی کاربەدەسەت و نزیك لە دەسەڵات بوون، لە هەمان کاتدا ناوبانگیان هەبووە و بڕیارەکانیان کاریگەریی لەسەر ژیانی گشتیی خەڵك هەبوو، بۆیە ئەو بۆچوونە باوە هەبووە کە بیرەوەرییەکان هەڵگری کۆمەڵێك زانیاری نهێنی و تایبەتن، کە لە لای کەسانی ئاسایی دەست ناکەون.[16]

لەگەڵ ئەمانەشدا، چەمکی بیرەوەری پێویستی بە تێرامان و وردبوونەوەی زیاتر هەیە. لە فەرهەنگی فارسی *دێهخودا* بیرەوەری بریتییە لە: "ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا بەسەر مرۆڤدا هاتوون و هەندێك لە شوێنەوارەکانی لە مێشکی مرۆڤدا مابێتەوە. ڕابردووەکانی مرۆڤ، ڕووداوەکانی ڕابردوو کە کەسەکە بینیویەتی یان بیستوویەتی، بینینەکانی ڕابردوو یان بیستنی ڕابردوو".[17]

*ئەحمەد ئەخووت*، لێکۆڵەری بواری بیرەوەری، لە پێناسەیەکدا دەڵێت: "بیرەوەرییەکان واتا ئەو دیمەن و ڕووداوانەی کە کاریگەرییان لەسەر بیر و زەینی کەسەکە بەجێ هێشتووە و لە یادیدا دەمێنێتەوە، و گێڕانەوەکەی دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلەنوێ سازکردنەوەی فەزا و ژینگەی ڕابردوو".[18]

لە مانایەکی گشتگیردا بیرەوەری بریتییە لە: "دەق، نووسین و گێڕانەوەیەك کە خاوەنەکەی بە ئاگایی و ویستەوە، دۆخ و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردوو - بە هەر هۆکارێك بێت لە زەینیدا ماوە و بەرجەستە بووە- دەگێڕێتەوە کە گێڕەوە تێیدا بوونیکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (بینین، سەرچاوەی ڕەسەن و ...) هەبووبێت. لەم گێڕانەوەدا وردەکارییەکانی کات، شوێن و چۆنێتی ڕوودانیان باس کراوە".[19]

---

[11] Cambridge Dictionary, "memoir", https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/memoir, accessed: 26/6/2022.

[12] Macmillan dictionary, "memoir", https://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/memoir, accessed:17/9/2022.

[13] گێڕانەوە لە پێناسەیەکی گشتیدا خستنەڕووی بەسەرهاتێکە کە بۆ کەسێك هاتووەتە پێش لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا و وەسفکردن و نیشاندانێتی لە ڕێگەی زمانەوە (شیعر یان پەخشان) بە ڕەچاوکردنی چۆنێتی باسکردن، شێوازی ڕێکخستن و هونەرمەندێتی کەسی گێڕەوە. ئەوەی دەگێڕدرێتەوە دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیك یان دووردا ڕووی دابێت و ڕەگیان لە مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا هەبێت. بوشرا قادر کاکە محەمەد، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، ٢٠٢٢، ل 7.

[14] Merriam-Websters Collegiate dictionary, eleventh Edition, Merriam-Webster, Incorporated, Massachusetts, 2005, p. 774.

[15] أبوبكر هتهات، "مقتطفات من تاريخ المنطقة الثانية الولاية السادسة من خلال مذكرات"، مجلة تاريخ العلوم، السنة الخامسة، عدد 12، جانفي 2019، ص 3.

[16] احمد اخوت، "ادبیات وامدار واقعیت است"، گفتگو ساجده سلیمی با احمد اخوت، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400، ص 34؛ علیرضا مولائی توانی، درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ، نشر نی، تهران، 1386، صص 109-110.

[17] علی اکبر دهخدا، لغت نامه دهخدا، جلد 6، زیرنظر: محمد معین و سید جعفر شهیدی، چاپ دوم از دوره جدید، مؤسسه چاپ و انتشارات دانشگاه تهران، تهران، 1377، صص 9323-9324.

[18] احمد اخوت، نقش هایی به یاد (گذری بر ادبیات خاطرەنویسی)، چاپ چهارم، نشر گمان، تهران، 1395.ص 21.

[19] محمدرضا ایروانی، "نگاهی به خاطرەنویسی و مقایسه آن با زندگی نامه و سفرنامه"، مجله زبان و ادبیات فارسی، سال 3، شماره 8، پاییز 1386، ص 3.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

به خوێندنەوەیەك بۆ پێناسە جیاوازەكانی بیرەوەری، چەمك و وشەكانی پێكهێنەری بیرەوەری بریتین لە: 1. بەبیرهێنانەوە؛ بەهۆی پەیوەستبوونی زەین بە ڕووداوێكی دەرەكی لە ڕابردوودا 2. نووسینەوە؛ لەگەڵ بەبیرهێنانەوەی زەینی، بیرەوەرینووس بە یارمەتی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیتی، بیرەوەرییەكان دەنووسێتەوە 3. ژیاننامە و گێڕانەوەی ڕووداوەكان و باسی كەسەكان؛ كردار و گوتاری خاوەنی بیرەوەی لە هەناوی ڕووداوەكان و گێڕانەوەی وردەكاری ڕووداوەكان 4. كاتی دیاركراو؛ هەر ڕووداوێك لە كات و شوێن و جوگرافیایەكی دیاریكراودا ڕوودەدات. 5. بوون، بینین و بیستن؛ هۆیەكانی گواستنەوەی بیرەوەری لە لایەن بیرەوەرینووس كە بەها و نرخی هەر بیرەوەرییەك پەیوەندی بەم سێ ئاستەوە هەیە.[20]

بەم شێوەیە بەشە جیاوازەكانی پێكهێنەری بیرەوەی بریتین لە: 1. خاوەنی بیرەوەری 2. بابەت و ڕووداوێك كە بیرەوەری دەهێنێتەكایەوە 3. كات و شوێنی ڕووداو 4. دەقی نووسراوی بیرەوەری.[21]

## 2-1 تایبەتمەندییەكانی بیرەوەری

بەپێی ئەو پێناسە جیاوازانەی سەبارەت بە بیرەوەری خرانە ڕوو، تایبەتمەندییەكی سەرەكی بیرەوەری كە كۆدەنگی لەسەرە، ئەوەیە كە بیرەوەری؛ دەق، نووسراو، باس، چیرۆك، ئەزموونی ژیان و گێڕانەوەیەكی كەسی و تایبەتە[22]. ئەم تایبەمەندییە چەندین مانا لە خۆ دەگرێت؛ بە دیوێكدا بیرەوەری بریتییە لە گێڕانەوەی "كەسی یەكەم"[23]، كە شێوازێكی گێڕانەوەیە تێیدا، بیرەوەرینووس لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە و لە هەمان كاتدا هەست و بۆچوونەكانیشی بەیان دەكات.[24] لەم سۆنگەیەوە، بیرەوەرینووسین "ڕەنگدانەوەی ئەندێشەی تاكەكەسی"یە[25] و لە بنەڕەتدا، بیرەوەریی هەر كەسێك لەگەڵ ئەوی دیكەدا جیاوازە، چونكە بیرەوەی ویژدانێك بۆ ویژدانێكی دیكە ناگوازرێتەوە و تەنیا بیرەوەرییە كە هەست و مەودا و قووڵایی كات (زەمەن) بە ئێمە دەبەخشێت.[26] هەروەك چۆن مرۆڤەكان لە ڕوخسار و ناخیاندا لە یەكتر جیاوازن، بیرەوەرییەكانیش ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە. بیرەوەری دەركەوتەی بوونی مرۆڤە كە خۆی دەخاتە بەردەم لێكدانەوە و ڕاڤەی كەسانی تر.[27] *جەواهر لال نەهرۆ* لە پێشەكی خودژیاننامەكەیەدا ئاماژە بەم تایبەتمەندییە دەكات: "ئەم كتێبە كۆمەڵە یاداشتێكە سەبارەت بە كەسیی خۆم و بەرداشتەكانی خۆم، هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە تێیدا بۆچوونی تاكلایەنانە و تایبەتی بەكار هاتووە".[28]

لە تایبەتمەندییەكی دیكەدا، بیرەوەری پەیوەندییەكی بەتینی بە ئاگایی (هەست) و نائاگایی (نەست) بیرەوەرینووس لە كرداری بەبیرهاتنەوە و گێڕانەوەی بیرەوەرییەكانەوە هەیە؛ ناوەڕۆكی بیرەوەرییەكان، پەیوەندییەكی تەواوی بەو شتانەوە هەیە كە لە ئاگایی و نائاگایی بیرەوەرینووس دروست دەكەن و كارلێكەری و كاردانەوەی بیرەوەرینووس سەبارەت بە ئەزموونەكانی ڕابردوو و ڕووداوەكانی دواتر دەردەخات.[29] بیرەوەرینووس لە گێڕانەوە و نووسینی ئەو بەسەرهاتەی دەیەوێت تۆماری بكات، خاوەن بڕیاڕە و بەپێی دۆخی دەروونی و هەلومەرجی دەرەكی بڕیاڕی لەسەر دەدات، بەڵام لە پرۆسەی بەبیرهاتنەوە، بیرەوەرییەكان لە دۆخێكی تایبەتی بیرهاتنەوە سەر دەردێنن و بەشێوەی ناویستەكی (لائیرادی) دێنەوە بیر.[30]

---

[20] علیرضا كمری، با یاد خاطره (درآمدی بر خاطره‌نویسی و خاطره‌نگاشته‌های پارسی در تاریخ ایران)، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران، 1389.صص 58-59.
[21] علیرضا كمری، با یاد خاطره، ص 61.
[22] پل ریكور، "خاطراه، تاریخ، فراموشی"، نشریه گفتگو، شماره 8، تابستان 1374.ص 48؛ فصلنامه یاد، "پژوهشی پیرامون خاطرات، فصل اول: خاطره‌شناسی، قسمت 3: خاطرات و تاریخ"، شماره 12، 1367، ص 71؛ علیرضا كمری، با یاد خاطره، همان، ص 40؛ احمد اخوت، نقش هایی به یاد، همان، صص 21-22؛ مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، تاریخ شفاهی و جایگاه آن در تاریخ نگاری معاصر ایران 13858-1385، نشر پژوهشكده تاریخ اسلام، تهران، 1394، ص 81.
[23] محبوبه شمشیرگرها: "دلالت های چندگانه، چالشی برای مطالعات خاطرهشناختی"، فصلنامه پژوهش های تاریخ شفاهی، دوره جدید، دوره 1، شماره 1، 1400، ص 91.
[24] مجید رستگاری و دیگران: "بررسی تطبیقی زاویهٔ دید در رمان امّ سعد غسّان كنفانی و خاطرات دا زهرا حسینی"، فصلنامه كاوش نامه ادبیات تطبیقی، دوره دوازدهم، شماره (پیاپی43)، تابستان 1401، ص 69.
[25] چنگیز پهلوان، در كتاب: گروهی از نویسندگان، نگاهی گذرا به خاطره‌نویسی در ایران، در كتاب: در زمینەی ایران شناسی، به كوشش چنگیز پهلوان، انتشارات بەنگار، تهران، 1370، ص 15.
[26] پل ریكور، "خاطره، تاریخ، فراموشی"، ص 48.
[27] علیرضا كمری، با یاد خاطره، همان، ص 40.
[28] جواهر نعل نهرو، زندگی من، ترجمه: محمود تفضلی، چاپ چهارم، انتشارات امیركبیر، تهران، 1361، ص 23.
[29] فریدون آدمیت، "در تفكر تاریخی و روش تحقیق"، دو ماهنامه بخارا، سال یازدهم، شماره 4 (پیاپی 65)، اردیبهشت 1387، ص 517.
[30] علیرضا كمری، بایاد خاطره، ص 34.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

تایبەتمەندییەکی دیکەی بیرەوەری ئەوەیە بیرەوەرینووس بانگەشەی گێرانەوەیەك دەكات لە ڕاستییەوە (حەقیقەت) سەرچاوەی گرتووە، سەرباری هەموو دەستتێبردن، گۆڕین و چەواشەکارییەکانی -ئاگایانە بێت یان بێئاگایانە- بیرهێنانەوە.[31] بیرەوەرینووس هەوڵ دەدات بە زمانێکی دۆستانە لەگەڵ خوێنەر بدوێت و باس لە ژیانی تایبەتی خۆی بکات و تەنانەت دانپێنەرانە لە مەڕ خۆی بدوێت، بە جۆرێک کە خوێنەر متمانەی بۆ دروست دەبێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە "ڕاستی"یە و بە "واقیعی" ڕووی داوە.[32] بیرەوەرینووس بانگەشەی ئەوە دەکات لە گێرانەوەکەیدا ڕاستگۆیە و چاوەڕێ دەکات کە خوێنەریش هەمان بڕوای بۆ دروست ببێت.

سەرباری ئەم تایبەتمەندییە، نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە تایبەمەندییەکی زۆرینەی ڕەهای بیرەوەرییەکان، ئەوەیە بیرەوەرینوس لە گێرانەوەی ڕووداوەکاندا "لایەنگری" دەکات و هەوڵ دەدات ڕۆڵی خۆی و ئەو کەسانەی کە پێی باشە بەرجەستە بکات و هەڵە و کەموکورییەکانیان داپۆشێت. دەیەوێت پاکانە بۆ کردەوەکانی خۆی و کەسانی تر بهێنێتەوە و ڕەوایی بدات بە کردەوەکانی خۆی یان ئەو حکومەت و حیزب و لایەنەی کە لایەنگریی دەکات.[33] بیرەوەری بەڵگەنامەیەکی بێلایەنانەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو دانپێدانان، پاساو، تۆمەت و بیرکردنەوەی کەسیی بیرەوەرنووسە[34] کە "لە خۆویستییەکی سادە کە لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە تا دەگاتە نەخۆشیی لەخۆبایی کە خەسڵەتی زۆرێك لە پیاوانی سیاسییە"، لە بیرەوەرییەکاندا بەدی دەکرێت. بۆیە کورتبینییە وابزانین بیرەوەری هەر کەسێك وەکو "وێنە"یەك وایە بیرەوەرینووس وێنای کردووە، بەڵکو کارلێکەر و هەڵچوونە دەروونییەکان بابەتێکی ئاڵۆزە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەست و نەست و ئەزموونەکانی ڕابردووەوە هەیە.[35]

گرنگی ئەم تایبەتمەندییە لەوە دایە کە بیرەوەری، دووبارە خوێندنەوە و گێرانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو و خەڵکانی ڕابردووە لە دەرچە و دیدی "ئێستا"ی بیرەوەرینووس، چونکە "ڕابردوو قوناغێکی دابڕاو نییە لە کەسایەتی هەنووکەیی مرۆڤ".[36] بۆیە بەبیرهێنانەوە و گێرانەوەی ڕووداوەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەست و سۆز و بڕیاردانی هەنووکەیی گێڕەوە و هەروەها بەردەنگ (مخاطب) و ئامانجەکانی نووسینەوەی بیرەوەری هەیە.[37] بە واتایەکی تر پەیوەندی بە دۆخی دەروونی و دەرەکی و کەشی ژیانی ئەو کاتەی بیرەوەرینووسەوە هەیە کە بڕیاری گێرانەوە و نووسین دەدات.[38] هەر بیرەوەرییەك خاوەن دوو ڕەهەندی سەرەکییە و لە پەیوەندی دەروونی مرۆڤ (زەین و هەست و سۆز) لەگەڵ جیهانی دەرەوەی مرۆڤ (کات، شوێن، ڕوودا و دیمەن) دێتەکایەوە و بەو پێیەی کە بیرەوەری پەیوەندی بە کات و شوێنەوە هەیە، بیرەوەری دەبێتە: "کاریگەری دیمەن و ڕووداوەکان لەسەر زەینی مرۆڤ کە لە بیریدا دەمێنێتەوە و بەبیرهێنانەوەی، کەش و ژینگەی ڕابردوو سەر لەنوێ بونیاد دەنێتەوە".[39]

بەم شێوەیە تایبەتمەندییەکی گرنگی بیرەوەری کە دەتوانێت لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی تر جیای بکاتەوە و بایەخێکی بێوێنەی پێ بدات، کارکردی دوو لایەنەی بیرەوەرییە؛ بە دیوێکدا بیرەوەری دەرخەری ناخی بیرەوەرینووسە و لایەنە دەروونی و دەرەکییەکانی کەسایەتی بیرەوەرینووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناسینی کەسایەتی بیرەوەرینووس. دیوێکی تر، بۆ ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە کە بیرەوەری لەگەڵ خوێنەر سازی دەکات، بە جۆرێك کە خوێنەر دەتوانێت ڕاڤە و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی بۆ دەقی بیرەوەری هەبێت و لەگەڵ لێکدانەوەی بیرەوەرنووسدا جیاواز

---

(31) Britannica, “autobiography”, Ibid.

(32) احمد اخوت، نقش هایی به یاد، صص 31-32.

(33) علیرضا مولائی توانی، درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ، نشر نی، تهران، 1386، ص 110. أبوبکر هتهات، مصدر السابق، ص 3.

(34) أبوبكر هتهات، المصدر نفسه، ص 4.

(35) فريدون آدميت، همان، ص 517.

(36) ڕێبوار سیوەیلی، نووسین و بەرپرسیاری، چاپی دووەم بە دەسکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006، ل 80.

(37) محمدرضا ایروانی و مهدی ابوالحسنی نراقی، تاریخ شفاهی و جایگاه آن در تاریخ نگاری معاصر ایران 13858-1385، ص 77.

(38) بۆ نمونە *جەواهر لال نەهرۆ* لە پێشەکی خودژیاننامەکەی بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە بیرەوەرییەکانی لە "دۆخێکی دژوار"ی ژیانیدا نووسیوە کە کاریگەری لە سەر نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا هەبووە کە ئەگەر بهاتایە و لە دۆخێکی ئاسایی تر بینووسیایە ئەوا لە زۆر بابەتدا هەڵوێستی میانەڕەوانەی دەبوو. دواجار نەهرۆ بڕیاری داوە کە کتێبەکەی هەر بەو شێوەیەی کە نووسیوێتی بڵاوی بکاتەوە بەبێ پێداچوونەوە، چونکە ئەم بەرهەمە دەربڕی "هەست و سۆزەکانی ئەو کات"ی نووسەرە. جواهر لعل نهرو، همان، ص 23.

(39) فرهنگنامه ادب فارسی (دانشنامه ادب فارسی)، اصطلاحات، موضوعات و مضامین ادب فارسی، به سرپرستی حسن انوشه، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی؛ سازمان چاپ و انتشارات، تهران، 1376، ص 543.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بێت.[40] لە دیوی یەکەمدا، بیرەوەری بۆ ناسینی کەسایەتیی بیرەوەرینووس، گرنگی دەروونناسانەی هەیە و لە دیوی دووەمدا وەك سەرچاوەیەك بۆ مێژوو، کۆمەڵناسی و کایەکانی تر بایەخی شیکارانەی هەبێت.

چوونەناو بەشە نهێنی و شاراوەکانی هەست و هزری بیرەوەرینووس، تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی بیرەوەرییە بەو مەرجەی بیرەوەرینووس سەربەستانە و ئازادنە دیوە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی بخاتە بەردەم خوێنەر و لە وتنی ئەوەی لە دڵ و دەروونیدایە سڵ نەکات. لەم تایبەتمەندییەدا ئەوروپییەکان دەستپێشخەر بوون و لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیاندا ڕوویان کردە نووسینەوەی لایەنە تایبەتەکانی ژیانیان.[41]

تایبەتمەندییەکی دیکەی گرنگی بیرەوەری ئەوەیە کە تۆمارێکە بۆ "ئاینده" و بەرهەمێکە بە هۆی ئەوەی هەڵگری بابەتگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینییە، لایەنێکی فێرکاری و ڕێنوێنکاری بۆ خەڵکانی داهاتوو دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە بیرەوەری ببێتە "گەنجینەیەکی گەورە" کە دەشێت لە هەر کاتێکدا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکرێت و وەکو سەرچاوەیەکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.[42] *پۆل ریکۆر*، لێکۆڵەری فەرەنسیی بواری بیرەوەری، پێی وایە بیرەوەری پەیوەندییەکی هەمیشەیی بە ئایندەوە هەیە و تێیدا ئاراستەی کات لە ڕابردووەوە بۆ ئایندەیە و بیرەوەری گەرەنتی ئەم ئاراستەکردنە دەکات.[43] پاڵنەری نووسینەوەی بیرەوەرییەکان بۆ بیرەوەرینووس تەنیا بۆ کاریگەری خستنەسەر بۆچوون و ڕای هاوچەرخ ناگەڕێتەوە، بەڵکوو بە ئامانجی کاریگەرییە لەسەر مێژووی ئایندە و مێژوونووسینە لە دواڕۆژدا. لە پشت دنەدەری نووسینی بیرەوەری ئەم نهێنییە بوونی هەیە کە "بیرەوەری دەبێتە مێژوو".[44]

**1-3 جۆرەکانی بیرەوەری**

بەشێوەیەکی گشتی بیرەوەرییەکان لەسەر بنەمای شێوازی تۆماکردن و گواستنەوەیان لە لایەن خاوەنی بیرەوەری، بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێن: 1. بیرەوەری زارەکی 2. بیرەوەری نووسراو.[45] بیرەوەری زارەکی بریتییە لەو جۆرەی بیرەوەی کە تێیدا خاوەنی بیرەوەری، خۆی بیرەوەرییەکانی تۆمار ناکات، بەڵکو بە شێوەی زارەکی دەیگێڕێتەوە و لە لایەن کەسێکی دیکەوە دەنووسرێتەوە[46]، لە کاتێکدا لە بیرەوەری نووسراو، خاوەنی بیرەوەری، خۆی بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە. ئەم دابەشکردنە بەشێوەی "بیرەوەریی نووسرا" و "بیرەوەریی نەنووسراو" ناوی هاتووە کە مەبەست لە نەنووسراو هەمان مێژوویی زارەکییە کە چەمکێکی نوێترە.[47]

جیاوازی بیرەوەری زارەکییانە و بیرەوەری نووسراو بۆ ئاستی "ئیعتبار"یان دەگەڕێتەوە؛ لە بیرەوەری زارەکییانە، ڕەنگە خاوەنی بیرەوەری لە تۆمارکردن و گێرانەوەکەیدا نائاگایەنە هەڵە بکات، بەڵام لە بیرەوەری نووسراودا ئەم هەڵانە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبنەوە. ئەگەرچی لەوانەیە لە هەر دوو شێوازەکەدا، گێڕەوەی بیرەوەرییەکان لە گۆڕین و گواستنەوەی ڕووداوەکاندا تووشی هەڵە بێت یان بە ئەنقەست چەواشەکاریی و بەلارێدابردن بکات، بەڵام وردبینییەك کە لە بیرەوەریی نووسراودا هەیە زیاتر لەوەیە کە بە شێوەی وتراو و زارەکی بگێردرێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئیعتباری دەقەکە دەبێت.[48]

بیرەوەرییەکان لە ڕووی شێوازی گێرانەوەدا دابەش دەبنە سەر دوو جۆری سەرەکی: 1. بیرەوەریی ورد 2. بیرەوەریی گشتی؛ بیرەوەرینووسی وردەکار بە وردی باس لە دیمەن و ڕووداوەکان دەکات و دەیانگێڕێتەوە، و جیا لە وردەکارییەکانی خۆی و ژیانی، باس لە کەس و ڕووداو و بەگشتی ڕۆژگاری دەوروبەری دەکات، لە کاتێکدا بیرەوەرنووسی گشتی، زیاتر وێنە گەورەکە دەگێڕێتەوە

---

(40) علیرضا کمری، یاد مانا، صص 33-34؛ مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، تاریخ شفاهی و جایگاه آن در تاریخ نگاری معاصر ایران 1385-13858، ص 72.

(41) اصغر نوری، "خاطره واگویی تجربه‌های زیستی"، گفتگو پروانه کاوسی و اصغر نوری، ماهنامه آزما، شماره 163، ص 40.

(42) ژیلا مشیری، پیشگفتار، خاطرات مردم شناسان ایران، به کوشش ژیلا مشیری، نشر افکار، 1385، ص 9.

(43) پل ریکور، "خاطره، تاریخ، فراموشی"، ص 49.

(44) Gabriel Motzkin, “Memoirs Memory, and Historical Experience”, Science in Context, Volume 7, Issue 1, Spring 1994, p. 106.

(45) مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، "مقایسه تحلیلی خاطره‌نگاری با تاریخ شفاهی"، فصلنامه گنجینه اسناد، سال بیستم، دفتر چهارم، زمستان 1389، ص 104؛ سمیه رفیعی فصیحی، بررسی ویژگی های خاطرات فعالان جبهه ملی، پایان نامه جهت اخذ درجه کارشناسی ارشد، دانشگاه الزهرا (س)، دانشکده ادبیات، زبان ها و تاریخ، رشتەی تاریخ، ص 22.

(46) مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، تاریخ شفاهی و جایگاه آن در تاریخ نگاری معاصر ایران 1385-13858، ص 70.

(47) فصلنامه یاد، "پژوهشی پیرامون خاطرات، فصل اول: خاطره‌شناسی، قسمت 3: خاطرات و تاریخ، ص 72.

(48) یعقوب توکلی، "دوازده سبك تاریخنگاری نقلی"، نشریه زمانه، سال چهارم، شماره 41 و 42، بهمن و اسفند 1384، ص 36.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و ناچێتە ناو وردەکارییەکانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێك لە بیرەوەرییەکان هەر دوو شێوازەکەی تێدا ڕەچاو کراوە.[49] لە دابەشکارییەکی تری نزیك لەم دابەشکارییە، بیرەوەرییەکان لە ڕووی سنوور و ڕووبەری بابەت و ناوەڕۆکەوە دوو جۆرن: 1. تاك بابەتی 2. فرە بابەتی؛ لە تاك بابەتی بیرەوەرینووس تەنیا بەشێك لە ژیانی خۆی و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام لەوەی دووەمیان بەگشتی لە قۆناغی منداڵییەوە دەست پێ دەکات.[50] هەروەها، دابەشکردنێکی تری بیرەوەری ئەوەیە کە کەسانێك دەیانەوێت بە هۆی بوون و بەشدارییان لە ڕووداوەکان، مێژووی "قۆناغێکی دیاریکراو" بنووسنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەی خۆیانی بۆ بکەن، لە بەرامبەردا کەسانێکی دیکە، بینەر و شایەدحاڵی ڕووداوەکان بوون یان لە دوورەوە ئاگایان لە ڕووداوەکان بووە و بیرەوەرییەکانیان تۆمار دەکەن، یان تێکەڵەیەکە لە هەر دوو جۆرەکە.[51]

بیرەوەری لە ڕووی "ئامانج"ی بیرەوەرینووس چەند شێوازێکن؛ زۆر جار بیرەوەرینووس هەوڵ دەدات تەنیا ئەو بەشانەی ژیانی بگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئامانجی نووسینەوەی یەك دەگرێتەوە و لەگەڵ بەها هەنووکەییەکانی خۆی و کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی بگونجێت، بەڵام بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکان نەك تەنیا ئەم ئامانجەی نییە، بەڵکو بە دیدێکی ڕەخنەئامێزانە لە پێشینە و ڕابردووی خۆی دەڕوانێت.[52] لەم ڕووەوە دەشێت لە دابەشکارییەکی دیکە بۆ بیرەوەرییەکان لە ڕوانگەی ئامانج و مەبەستی تایبەتی لە نووسین و بڵاوکردنەوەیان، بۆ چەند شێواز دابەشیان بکەین. ئەم دابەشکردنە زیاتر بۆ خودژیاننامەکان دروستترە.

**بەرگریکارانە**؛ دەشێت بیرەوەری دەقێکی بەرگریکارانە بێت کە تێیدا بیرەوەرینووس ئامانجی بەرگریکردن لە خۆی و کردەوەکانی و بیرکردنەوەکانی بێت. لێرەدا دەقی بیرەوەری دەبێتە جۆرێك لە ڕەواییدان و بیانوو داتاشین بۆ ئەوەی کە ڕووی داوە و بیرەوەرینووس تێیدا بکەر بووە.[53]لەم جۆرە بیرەوەرییانە، بیرەوەرینووس جیا لە ڕوونکردنەوەی کردەوەکانی و وەڵامدانەوەی تۆمەت و گومانەکانی سەر خۆی، دەشێت ئامانجی هێرشبەرانەی هەبێت و لە ڕێگەی خستنەڕووی نهێنییەکانەوە، وەڵامی کەسانی تر بداتەوە.[54] لەم پێناوەدا زۆرجار بیرەوەرینووس هەوڵ دەدات کە بیرەوەرییەکانی بەڵگەنامەیی بێت، بە سودوەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی وەك یاداشت، نامە، دۆسێی کەسی، شایەتحاڵەکان، وێنە و زانیارییەکانی خێزانی و کەسایەتییەکان، ئامانجەکانی خۆی لە نووسینی بیرەوەرییەکانی بهێنێتە دی.[55] زۆرجار کەسایەتییە سیاسییەکان، کە ئامانجیان ڕوونکردنەوەی کارنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیانە، پەنا بۆ ئەم شێوازە لە بیرەوەرینووسین دەبەن، لەپێناو پێدانی ڕوونکردنەوە لەسەر کردار و بڕیارەکانیان و پەردەلادان لەسەر لایەنی نهێنی و نەوتراوی ژیانیان، دەیانەوێت بۆ خێزانەکەی خۆی یان خەڵك بە گشتی، یادگارییەك بۆ دوارۆژ بەجێ بهێڵن.[56]

**دانپێدانانامە**؛ بیرەوەری و ژیاننامە دەشێت دانپێدانانامەیەك (confessional) بێت کە تێیدا بیرەوەرینووس دان بە هەڵە و کەموکورتی و کردەوەکانی ژیانی خۆیدا دەنێت و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و هەڵبەت ڕاستگۆیانە لەخۆی دەڕوانێت.[57]هەرچەندە لەوانەشە نووسەر ئامانجی خۆدەرخستن و تەنانەت فریودانی هەبێت.[58] بەپێچەوانەی جۆرەکەی پێشوو، پیاوانی سیاسی زۆر بە کەمی دان بە هەڵەکانی خۆیاندا دەنێن و زۆر جار هەڵەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی ئەوانی تر.[59] لە ڕووی چەشنی ئەدەبییەوە و تایبەت بە گێڕانەوە، ئەم جۆرە لە بیرەوەری دەچێتە چوارچێوەی "ئەدەبی دانپێدانان" کە جیهانبینی دانەرەکەی دەردەخات.[60]

---

(49) فرهنگنامه ادب فارسی، جلد 2، ص 544؛ چنگیز پهلوان، همان، ص 14.
(50) علیرضا کمری، با یاد خاطره، همان، ص 64.
(51) چنگیز پهلوان، همان، ص 15.
(52) چنگیز پهلوان، همان، ص 14.
(53) عبدالله شهبازی، پیشگفتار کتاب ایرج اسکندری، خاطرات ایرج اسکندری، تدوین و ویرایش: عبدالله شهبازی، چاپ اول، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران، 1372، ص 14.
(54) علیرضا کمری، با یاد خاطره، همان، صص 34-35.
(55) محسن سلیمانی، مقدمه کتاب برایان د. آزبون و ریچارد سایر، چگونه زندگینامه بنویسیم، ترجمه: محسن سلیمانی، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران، 1393، ص 17؛ علیرضا کمری، با یاد خاطره، صص 34-35.
(56) منصور اتحادیه، دیباچه، در کتاب: محمد ولی میرزا فرمان فرماییان، از روزگار رفته حکایت (سفرهای سیاسی)، جلد اول، به کوشش: منصور اتحادیه (نظام مافی) و بهمن فرمان، کتاب سیامك و نشر تاریخ ایران، تهران، 1382، ص 17.
(57) غلامحسین یوسفی، جلد 2، همان، صص 362-363؛ علیرضا کمری، با یاد خاطره، همان، ص 67.
(58) عبدالله شهبازی، همان، ص 14.
(59) فریدون آدمیت، همان، ص 518.
(60) بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (کوردی-ئینگلیزی)، بەرگی یەکەم: پیتی (ئ) تا کۆتایی (جێ)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 22-23؛ سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی (ویرایش جدید)، واژەنامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپائی (تطبیقی و توضیحی)، انتشارات مروارید، 1378، ص 272.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**وەسفیانە؛** بەشێك لە بیرەوەرییەكان دەشێت ڕۆچوونێك بێت كە تێیدا بیرەوەرینووس گەڕانێك بە ناو ژیانی خۆی و ئەو ڕووداوانەی كە ڕووی و داوە دەكات، بۆ تێگەیشتن لە كردار و ڕەفتار و هۆكاری ڕووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان.[61] لەم شێوازەدا دەقی بیرەوەری تەنیا گێڕانەوەیەكی ناكارای (پاسیف) ڕووداوەكانە بەبێ دەستبردن بۆ هۆكار و لێكەوتەكانی.

**هەمەچەشن؛** دەشێت بیرەوەری هەر سێ شێوازەكە بگرێتەوە و بیرەوەرینووس جگە لە گەڕان و ڕۆچوون لە ژیانی خۆی و دەوروبەری، بەرگری لە دید و كردارەكانی بكات و دان بە هەڵەكانیشدا بنێت.[62]

لە دابەشكارییەكی تردا، بیرەوەرییەكان لە ڕووی گۆشەنیگای بیرەوەرینووس و ڕۆڵی خۆی لە بیرەوەرییەكاندا دەشێت لە سێ دەستەی جیاواز و هەڵبەت نزیك لەیەك جێیان بكەینەوە:

**دەستەی یەكەم؛** ئەو بیرەوەرییانەن كە ناوەڕۆكی دەقەكە بە پلەی یەكەم پەیوەندی بە كار و كرداری بیرەوەرینووسەوە هەیە و باسكردنی ڕووداو و بابەتەكانی دەرەوەی ژیانی، گرنگی لاوەكی هەیە.

**دەستەی دووەم؛** ئەوەی كە بابەتی سەرەكییە لە بیرەوەری، گێڕانەوەی بینراو و بیسراوەكانی بیرەوەرینووس و ژیانی ئەوانی تر و ڕووداوە دەرەكییەكانە. لێرەدا بیرەوەرینووس یان ڕووداوەكانی بینییوە و بیستووە، یان خۆی بوونی تێیدا هەبووە. هەڵبەت دەشێت خاوەنی بیرەوەری بە شێوەیەكی لاوەكی باسی ڕۆڵی خۆی بكات.

**جۆری سێیەم؛** تێكەڵەیەكە لە دوو جۆرەكەی تر كە نووسەر هەم باسی كردار و ڕۆڵ و بینراوەكانی خۆی دەكات و هەمیش باسی ڕووداوە دەرەكییەكان و ڕۆڵی ئەوانی تر دەكات.[63]

دابەشكارییەكی دیكەی بیرەوەری لە لای بەشێك لە لێكۆڵەرانی ئەم بوارە، بریتییە لە: 1. بیرەوەری فەرمی 2. بیرەوەری نافەرمی؛ بیرەوەری فەرمی، یاداشت و بیرەوەری بەرپرسانی سیاسی و حكومی كە باس لە ژیان و سەربوردەی سیاسی خۆیان دەكەن دەگرێتەوە، بەڵام ئەو بیرەوەریانەی كە زیاتر ژیانی كەسی و تایبەتی دەگرێتەوە و هەندێك جار لە لایەن كەسوكاری خاوەنی بیرەوەری بڵاو دەكرێتەوە دەبێتە بیرەوەری نافەرمی.[64] ئەم دابەشكارییە بۆ خودژیاننامەكانیش بەكاردێت؛ خودژیاننامەیەك زیاتر یاداشت، نامە، لایەنی دەروونی و ژیانی تایبەتی بیرەوەرینووس بگرێتەوە، بە خودژیاننامەی نافەرمی دادەنرێت و ئەگەر بیرەوەرینووس نووسینەكانی وەك "بەڵگە" بۆ "تۆمارێكی مێژوویی" و بۆ خوێندنەوەی گشتی سەبارەت بە سەردەمێكی دیاریكراو بڵاو بكاتەوە، دەچێتە خانەی خودژیاننامەی نافەرمییەوە كە بە گشتی بیرەوەری كەسایەتییە سیاسییەكان دەگرێتەوە.[65]

دابەشكارییەكی تر لەسەر بنەمای مەودای كاتیی نێوان ڕووداو و گێڕانەوەیە كە چوار گێڕانەوە لە خۆ دەگرێت؛ 1. گێڕانەوەی ڕوو لە ڕابردوو؛ ڕووداوەكە بەتەواوی ڕوویداوە و دوای ماوەیەك دەگێڕدرێتەوە. زۆرینەی خودژیاننامەكان بەم شێوەیە دەگێڕدرێنەوە 2. گێڕانەوەی هاوكات؛ گێڕانەوە و تۆماركردنی هاوكاتی ڕووداوەكان[66] كە تێیدا بەدوای یەكتر هاتنی كاتیی ڕووداوەكان دەپارێزرێت. یاداشتەكان دەچنە خانەی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە. 3. گێڕانەوە ساتییەكان؛ كات لەم گێڕانەوەیدا جاروبار دەپچڕێت و گێرەوە لە كاتی باسكردنی بیرەوەرییەكانی ڕۆژانەدا، سەرێك لە ڕابردوو دەدات و ڕووداوێك بە كورتی باس دەكات. 4. بیرەوەری ئایندەبین؛ تێیدا بیرەوەرینووس باس لە ئایندەی وێناكراو یان خەوناوی خۆی دەكات، كە هەڵبەت تایبەت بە بیرەوەری نییە.[67]

لەگەڵ ئەمەشدا دابەشكارییەكی تر بۆ جۆرەكانی بیرەوەری و كۆكردنەوەیان لە چوارچێوەی چەمكێكی گشتگیردا بۆ بەكارهێنانی چەمكی ژیاننووسین (life writing) دەگەڕێتەوە كە هاوشێوەی چەمكەكانی دیكەی پەیوەست بە بیرەوەرییەوە، دۆزینەوەی پێناسەیەكی گشتگیر بۆی ئاسان نییە. لە پێناسەیەكدا ژیاننوسین بریتییە لە سەرجەم ئەو نووسینانەی كە لەسەر بنەمای "ژیانی مرۆڤ" و ئەو ڕووداوانەیە كە بەسەریدا هاتووە و سەرجەم بابەتەكانی ژیاننامە (بە هەر دوو شێوازەكەی)، یاداشت و نامە

---

[61] عبدالله شهبازی، همان، ص 15؛ غلامحسین یوسفی، همان، ص 362.
[62] عبدالله شهبازی، همان، صص 14-15.
[63] علیرضا کمری، یادمانا (پنج مقاله درباره خاطره‌نویسی و خاطره‌نگاشته‌های جنگ و جبهه، دفاع مقدس)، انتشارت سوره مهر، تهران، صص 40-41. علیرضا کمری، با یاد خاطره، همان، صص 60-61.
[64] علیرضا کمری، با یاد خاطره، صص 66-67.
[65] احمد اخوت، نقش هایی از یاد، صص 28-29.
[66] یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی بیرەوەری، مەودای زەمەنی نێوان ڕووداو و گێڕانەوەیە، تەنانەت لە یاداشتیشدا ئەم مەودایە دەبیندرێت.
[67] احمد اخوت، نقش هایی ازیاد، صص 35-37.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کەسییەکان، بیرەوەرییەکان یان بە شێوەیەکی گشتی "نووسین لەبارەی خود" دەگەڕێتەوە.[68] لە پێناسەیەکی تردا ژیاننووسین وەك "چەمکێکی گشتی" دانراوە کە سەرجەم ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە "ژیان" بابەتی نووسینەکانیانە.[69] بەم پێیە ژیاننووسین وەك چەترێك وایە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ژانرەکانی تایبەت بە نووسینەوەی ژیان (ژیانی کەسی و ژیانی ئەوی تر) وەك بیرەوەری، ژیاننامە (بە هەردووو شێوازەکەیەوە)، یاداشت، و تەنانەت ئەوانەی کە لە دەرەوەی فۆرمی نووسین وەك وێنە، فیلم، مێژووی زارەکی و ... .[70]

لە ڕووی مێژووییەوە، بەکارهێنان و تۆمارکردنی چەمکی ژیاننووسین بۆ سەدەی 18-ی زایینی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە دەیەی 1980-دا گرنگی پێدراوە و بووە بە "ژانرێکی سەربەخۆ" کە "هەر نووسینێك دەگرێتەوە کە کەسێك سەبارەت بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر دەینووسێت".[71]

لە چوارچێوەی ئەم بابەتانەی کە خرانەڕوو و بۆ دابەشکردنی لقەکانی بیرەوەری، لەم توێژینەوەیدا بنەمای کات و شێوەی تۆمارکردی بیرەوەرییەکان، ڕەچاو کراوە و بیرەوەری وەك چەترێکی گشتی بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش کراوە : 1. بیرەوەری (بیرەوەریی قۆناغی، خودژیاننامە) 2. یاداشت (یاداشتی ڕۆژانە، گەشتنامە، نامەی کەسی) و هەروەها لقەکانی نزیك لە یاداشت وەك ڕووداونووسین و ڕاپۆرت. بەشێوەیەك کە بیرەوەرینووس، ڕووداوەکانی ژیانی لە دواڕۆژدا (دواڕۆژێکی نزیك یان دوور) و بە پشتبەستنی سەرەکی بە بیرگە دەنووسێتەوە، بەڵام لە یاداشتدا، ڕووداوەکان "هاوکات" یان بە مەودایەکی زۆر کەم لە ڕوودانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان تۆمار دەکات.[72] بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی لە هەر دوو شێوازە سەرەکییەکەی نووسینی کەسیانەی ژیان، ڕابردوو و بیرگە پەیوەندییەکی بەتینیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لە بیرەوەری، ڕابردووەکە دەشێت دوور بێت کە لێرەدا ئاستی بیرگە و توانای هێشتنەوە و هێنانەوەبیری ڕووداوەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام لە یاداشتدا ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە ڕابردووەکە نزیکە و بیرگەش توانایەکی بەهێزی بۆ یارمەتیدانی بیرەوەرینووس هەیە.

## 4-1 گرنگی و کارکردی بیرەوەریی

1. ناسینی کەسایەتییەکان؛ زۆرینەی بیرەوەرینووسەکان، کەسانێکن کە لە قۆناغێکی ژیانیاندا بەرپرسیارییەتی سیاسی، کارگێڕی و کولتووریيان هەبووە و لەگەڵ کەسانی تردا لە پەیوەندیدا بوون. لەم ڕووەوە بیرەوەرییەکانیان سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ناسینی کەسایەتییەکان، ڕۆڵ و پێگەیان، کاریگەریان و هەندێك جار ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسییان.[73]
2. بیرەوەریی کەسایەتییە سیاسییەکان وەك دیپلۆماتکار، باڵیۆز، ئەفسەر و حاکمانی سیاسی بە هۆی خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی لە ئەنجامی بینین و ئەزموونی کەسیی خۆیان بەدەست هاتووە، بەهایەکی مێژوویی زۆری بۆ توێژەران هەیە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی ڕوون لە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی دیاریکراودا" تەنانەت لە ڕووی بەها و گرنگییەوە دەچێتە ڕیزی بەڵگەنامە فەرمییەکانەوە.[74]
3. پەردەلادان و تیشك خستنەسەر ئەو بەشانەی مێژوو کە سەرچاوە مێژووییەکانی دیکە وەك بەڵگەنامە، ڕۆژنامەکان ناتوانن دەری بخەن، وەکوو ئەو ڕووداوانەی لە هیچ شوێنێکی دیکەدا جگە لە بیرەوەرییەکان تۆمار نەکراون،[75] بۆیە بیرەوەرییەکان

---

[68] محبوبە شمشیرگرها، همان، ص 131؛ لە پێناسەیەکی تردا چەمکی life writing تەنیا خودژیاننامە یان هەر نووسراوێکی تری وەك نامە کە خاوەنی بیرەوەری خۆی نووسیبێتی دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Michelle M. Dowd and Julie a. Eckerle , “recent Studies in Early Modern English Life Writing”, English Literary Renaissance , Vol. 40, No. 1, Winter 2010, p. 132-162.

[69] Marijke Huisman and Marleen Rensen, “Introduction: Life Writing and European Identities”, International Journal for History Culture and Modernity, vol. 7, November 2019, p. 1052.

[70] Marijke Huisman and Marleen Rensen, Ibid, pp. 1051-1052.

[71] محبوبە شمشیرگرها، همان، ص 131.

[72] محبوبە شمشیرگرها، "تك خاطرە و مجموعە تك خاطرات فارسی؛ گونەای از زندگی نوشت های شخصی خاطرەمحور"، دوفصلنامە ادبیات پارسی معاصر، سال دهم، شمارە دوم، پاییز و زمستان 1399، ص 163.

[73] سمیە عباسی، تحول خاطرەنویسی و جایگاە آن در تاریخ نگاری دورە قاجار (1209-1343 هـ.ق)، پایان نامە جهت اخذ درجە کارشناسی ارشد، رشتە تاریخ، دانشگاە الزهرا (س)، دانشکدە ادبیات، زبان ها و تاریخ، 1388، صص 53-54.

[74] محمود بیات، "جایگاە خاطرەنگاری در فهرست اسناد روابط خارجی"، فصلنامە تاریخ روابط خارجی، شمارە 24 و 25، صص70-71.

[75] عبدالله شهبازی، پیشگفتار در کتاب خاطرات ایرج اسکندری، تدوین و ویرایش: عب1دالله شهبازی، چاپ اول، مؤسسە مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران، 1372، ص 13؛ غلامحسین یوسفي، دیداری با اهل قلم (دربارە بیست کتاب نثر فارسی)، جلد 2، مؤسسە چاپ و انتشارات داشگاە مشهد، 1357-1358، ص 361؛ علیرضا مولائي توانی، درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ، ص 109.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەتوانن لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە کتێبە مێژووییەکاندا هەیە، یاخود مێژوونووسان سەرچاوەی پێویستیان لەبەردەست نەبووە کاری لەسەر بکەن، یارمەتیدەرە.(76)

4. ناسینی تایبەتمەندیی دەروونی کەسەکان؛ خستنەڕووی تایبەتمەندیی دەروونی و کەسێتی بیرەوەرینووس و ئەو کەسانەی لە بیرەوەرییەکە ئاماژەیان پێ کراوە.(77) لەم ڕووەوە بیرەوەری گرنگییەکی "دەروونناسی" بۆ پەی بردن بە لایەنی دەروونی و نهێنی خاوەنی بیرەوەری هەیە، کە هەڵبەت ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەر تا چ ڕادەیەك لە گێڕانەوەکانیدا ڕاستگۆ و ئازا بوو بێت.(78) بە واتایەکی تر، بیرەوەرییەکان هەڵگری زانیاری گرنگن سەبارەت بە لایەنی دەروونی کەسەکان، چ خودی بیرەوەرینووس بێت چ ئەو کەسانەی کە بیرەوەرینووس هەڵسوکەوتی لەگەڵیان هەبووە. نووسەر بە ئاگایانە بێت یان خود بێئاگایانە، لە ڕێگەی دەربرین و ئەو وشە و چەمکانەی کە بەکاری دەهێنێت، بە بڕیار و شرۆڤەکانی سەبارەت بە ڕووداو و کەسەکان، تایبەتمەندییە کەسی و دەروونییەکەی خۆی دەردەخات. ئەم تایبەتمەندییە لە مێژووی مۆدێرندا دەتوانێت ببێتە هاوکاری نێوان مێژوو و دەروونناسی و ناسینی دەروونناسییانەی کەسایەتییەکان.(79) ئەم تایبەتمەندییە لە ژیاننامە و بەجەختکردنەوە لە لایەنی دەروونی و وردەکاری کەسایەتیی ژیاننامەنووس زیاتر بەرجەستە دەبێت.(80)

5. تۆمارکردنی دید و بۆچوون، هەڵسەنگاندن و دادوەریکردنی کەسیی سەبارەت بە ڕووداو، گۆڕانکاریی و کەسایەتییە مێژووییەکان.(81)

6. خستنەڕووی وێنەیەکی کەم تا زۆر "زیندوو" لە ڕووداوە مێژووییەکان کە پەیوەندی بە ئەزموونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بیرەوەرینووسەوە هەیە.(82)

7. بیرەوەرییەکان سەرباری ئەوەی زۆرجار سەربوردەیەکی کەسییە و خودی بیرەوەرینووس تەوەری ڕووداو و باسەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆی تایبەتمەندیی بیرەوەرییەکانەوە، زانیاری گرنگ و بەسوودی لە لایەنی کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە(83) کە بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان وەك سەرچاوەیەکی ڕەسەن کەڵکی لێ وەردەگیرێت. *موریس هالبواکس*(84)، کۆمەڵناسی فەرەنسی، پێی وایە سەرەڕای کەسی بوونی بیرەوەری، ئێمە لەگەڵ ئەوانی تردا دابەشی دەکەین و بیرەوەرییەك کە هاوبەش دەکرێت "پێگەیەکی کۆمەڵایەتی" وەردەگرێت. هۆکاری ئەوەی کەسێك بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە ئەوەیە کە گێڕانەوە، "کردەیەکی کۆمەڵایەتی"یە کە بیرەوەری کەسێك بە کەسێکی دیکەوە دەلکێنێت و دەبێتە هۆی شتێك کە دەتوانین ناوی لێ بنێین "ئاڵوگۆڕی بیرەوەری". بە واتایەکی تر، ئێمە پەیوەستین بە کۆمەڵێك حیکایەتەوە کە بە هۆی گێڕانەوەیان، وەك ئەوە وایە بە "بەکۆمەڵ" بۆمان ڕووی دابێت. کەواتە گێڕانەوەی بیرەوەری، یەکەمین ئەڵقەی پەیوەندی نێوان "بیرەوەری کەسی" و "بیرەوەری گشتی"یە.(85)

8. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی مێژووی تایبەتیی خۆیەوە، خۆی تێکەڵ بە "مێژووی گەورەتر و گشتگیرتر" بکاتەوە و وەك *ڕیکۆر* دەڵێت: "ئێمە بە گێڕانەوەکانمان پردێك لە نێوان کاتی کەسیی ئەزموونکراو و کاتی گشتییدا هەڵدەبەستین کە بریتییە لە کاتی هاوبەش".(86)

9. بەشێك لەو بیرەوەرییانەی کە بە هۆی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سانسۆر، هەستیاریی و دۆخی تایبەتەوە لە کاتی خۆیدا بڵاو نەبوونەتەوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە و هەڵگری کۆمەڵێك زانیاری بەنرخی کۆمەڵایەتی و سیاسین، کە دەتوانن وێنەیەکی جیاواز و ڕاڤەیەکی نوێی قۆناغێکی مێژوویی بخەنەڕوو کە پێشتر لە سەرچاوەکانی دیکەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە.(87) لەم بوارەدا بیرەوەری سەرچاوەیەکی گرنگە بە تایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی بە هۆی نادیموکراسی بوون و فەرمیبوونی نووسینەوەی

(76) محمد غربي، "دور المذكرات الشخصية في ترسيخ التاريخ الجزائري"، مجلة الحوار متوسطي، المجلد العاشر، العدد 1، مارس 2019، ص 105.
(77) عبدالله شهبازي، همان، ص 13.
(78) عبدالحسین زرین کوب، تاریخ ایران بعد از اسلام، انتشارات امیرکبیر، تهران، 1383، صص 112-113؛ علیرضا کمری، با یاد خاطره، همان، ص 34.
(79) سمیه عباسی، تحول خاطره‌نویسی و جایگاه آن در تاریخ نگاری دوره قاجار (1209-1343 هـ.ق)، صص 53-54.
(80) احمد اخوت، نقش هایی از یاد، ص 27.
(81) عبدالله شهبازی، همان، ص 13.
(82) عبدالله شهبازی، همانجا.
(83) غلامحسین یوسفی، جلد 2، همان، ص 361.
(84) Maurice Halbwachs
(85) پل ریکور، "خاطره، تاریخ، فراموشی"، ص 49.
(86) ڕێبوار سیوەیلی، نووسین وبەرپرسیاری، ل 80-81.
(87) محمود بیات، همان، ص 71.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 69-99
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مێژوو و نەبوونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو و دواجار بە شاردراوەیی مانەوەی بەشێك لە ڕووداوە سیاسییەکان، بەشێك لە مێژوویيان یان تۆمار نەکراوە یان بە بە شێوێندراوی تۆمار کراوە. لەم کاتەدا بیرەوەرییەکان چونکە بە دیدێکی نافەڕمی نووسراوە و زۆرجار بە نهێنی تۆمار کراوە، دەتوانێت لە ڕۆشنکردنەوەی بەشە تەماوییەکانی مێژووی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە یارمەتیدەر بێت.[88]

10. تێگەیشتن لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسی و کولتوورییەکان؛ لەم ڕووەشەوە بیرەوەرییەکان سەرچاوەیەکی دانسقە و تایبەتن؛ بەهۆی گرنگی نەدانی زۆربەی مێژووە فەرمییەکان و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری، بیرەوەری و یاداشتەکان سەرچاوەیەکی بەکەڵك و دەگمەنن کە گرنگیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و وردەکارییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی داوە.[89] بەتایبەتی ئەم لایەنەی بیرەوەرییەکان بۆ مێژوونووسانی بواری کۆمەڵایەتی، گرنگییەکی دوو هێندەی هەیە و ژیاننامەکان لەم ڕووەوە یارمەتیدەری زۆر باشن.[90]

11. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر بیرەوەرییەك بە مەبەستی پاکانەکردن، بێبەریبوون و خۆگەورەکردنیش نووسرابێت، هێشتا بایەخی خۆی لە دەست نادات، بەڵکو دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ پێشاندانی بیروباوەڕ و دەمارگیرییەکانی خاوەنی بیرەوەری.[91] هەروەها تێگەیشتن لە مەبەست، ئامانج و بیرکردنەوە تایبەتەکانی بیرەوەرینووس کە لەوانەیە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی لێوە نەکرابێت.[92] بۆیە بۆچوونێك پێی وایە ئەم لایەنەی بیرەوەری، کەموکوڕی نییە، ئەوەندەی کە تایبەتمەندییەکی خودییە (زاتی) کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەر و ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە. بیرەوەرینووس بە پلەی یەکەم دەیەوێت ڕۆڵی خۆی لە ڕووداوەکاندا پیشان بدات و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتییە گرنگەکان ڕوون بکاتەوە.[93]

12. بیرەوەری بە هۆی توانای پەیوەندی دروستکردنی لەگەڵ بەردەنگ، توانای بەرداشت و لێکدانەوەی جیاواز لە بیرەوەرینووس بە لێکۆڵەر و توێژەران دەرمخسێنێت.[94]

13. سوودی فرەپسپۆڕی؛ بیرەوەری (بەهەموو جۆرەکانییەوە) تەنیا پسپۆڕییەکی ئەدەبی یان مێژوویی نییە، بەڵکو لەگەڵ هونەر و زانستەکاندا پەیوەندی هەیە و دەتوانێت فەیلەسوف و دەروونناس و کۆمەڵناس و ئێتنۆگراف و مرۆڤناس بەشداری تێدا بکات.[95]

---

[88] سمیه عباسی، تحول خاطرەنویسی و جایگاه آن در تاریخ نگاری دوره قاجار (1209-1343 هـ.ق)، صص 53-54.

[89] سمیه عباسی، همانجا.

[90] Robin Thomas, Reflections on the Memoir as a literary genre and on the production of my memoir, including the musical component, Academic Essay to accompany the M.Phil, University of Salford, June 2016, p. 11.

[91] منصوره اتحادیه (نظام مافی)، "خاطرات رجال قاجار" مروری بر أمور دربار و روابط درباریان، فصل نامه ایران نامه، سال چهاردهم، شماره 4، پائیز 1375، ص 539.

[92] علیرضا مولائی توانی، درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ، نشر نی، تهران، 1386، ص 110.

[93] أبوبكر هتهات، مصدر السابق، ص 4.

[94] ژیلا مشیری، همان، ص 9.

[95] Robin Thomas, Ibid, p. 12.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**5-1 خودژیاننامە (autobiography)**

خودژیاننامە، ژیاننامەیەکە نووسەرەکەی سەبارەت بە خۆی دەینووسێت کە لە زمانی ئینگلیزی بە "autobiography"[96] ناوی دەبەن و پێچەوانەی ژیاننامەیە "biography" کە لە لایەن کەسێکی ترەوە دەنووسرێت.[97] بەم پێناسەیە، خودژیاننامە کارنامەیەکە "مێژووی ژیان"ی کەسێك دەخاتەڕوو.[98] گرنگی و بەهای تایبەتی خودژیاننامە بەراورد بە ژیاننامە لەوەدایە خودژیاننامەنووس گرنگی بە لایەنی کەسایەتی، بیرکردنەوە، خەیاڵی خۆی و بەگشتی لایەنە دەروونییەکانی دەدات، بە پێچەوانەی ژیاننامەنووس کە زۆرجار تەنیا لە کردار و لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی دەکۆڵێتەوە.[99]

دەرکەوتنی هونەری خودژیاننامەنووسین و بەکارهێنانی یەکەمجاری ئەم وشەیە لە زمانە جیاوازەکانی ئەورووپادا جیاوازە؛ وشەی ئۆتۆبیوگرافی تاوەکو کۆتایی سەدەی 18 و سەرەتای سەدەی 19 بەکار نەهاتووە.[100] ئۆتۆبیوگرافی لە شێوازە فەرەنسییەکەی "autobiograghie" بۆ پێش ساڵی 1800ز دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزی و بە شێوازی "autobiography" بۆ شاعیری بریتانی *ڕۆبێرت سۆسای*[101]دەگەڕێتەوە لە ساڵی 1809ز و بە نووسینە ئەڵمانییەکەی "autobiographie" یەکەمجار لە ساڵی 1798ز بەکار هاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا لە دەورووبەری ساڵی 1800ز ئەم وشەیە لە زۆربەی زمانە ئەورووپییەکان بڵاو بوویەوە.[102]هەروەها *فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد* یەکەم بەکارهێنانی ئەم وشەیەی لە پێداچوونەوەی مانگانەدا لە ساڵی ١٧٩٧ز تۆمار کردووە و یەکەمین کتێبی بڵاوکراوە کە خۆی بە ئۆتۆبیوگرافی ناساندووە، *ژیاننامەی خودیی وەزیری نارازی* لە لایەن *سکارگیل*[103] لە ساڵی ١٨٣٤ز بووە.[104]

لەگەڵ ئەمەشدا خودژیاننامە وەك ژانرێکی ئەدەبیی ڕۆژئاوایی بۆ سەردەمی ڕێنێسانس، بزاڤی مرۆڤگەرایی (humanism) و گەشەسەندنی تاکگەرایی (individualism) دەگەڕێتەوە.[105]بە واتایەکی تر مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرنەوە خۆی وەك سۆبێکت (subject) دەرخست کە چیتر لە لایەن ئایین، نەتەوە، سیاسەت و خێزانەوە شوناس و پێگەی بۆ دیاری نەدەکرا، بەڵکو هەوڵیدا لە ڕێگەی بیرەوەری و بیرگە تۆمارکراوەکانییەوە، خۆی "بهێنێتە بوون" و لە چوارچێوەی نۆرمە هەمیشییەکانی دەورووبەری خۆی وەك سۆبێکت لەسەر بنەمای ئەزموونی ژینگەیی-کولتووری بناسێنێت.[106]بۆیە بیرەوەرینووسین لە چوارچێوەی خودژیاننامە لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە مرۆڤ توانی خۆی لە کۆت و بەندی بیرتەسکی و دیلبوونی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار بکات و لە سایەی ڕێنێسانسەوە، بوون و کەسایەتییەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ببێتە خاوەن شووناسی تایبەت بە خۆی.[107]

---

[96] لە زمانی کوردیدا و لە لایەن بەشێك لە نووسەر و توێژەران لە بری وشەی autobiography، چەند وشەیەك بەکارهاتووە، بۆ نمونە: دەستەواژەی "ژیاننامەی خودی". سەنگەر زراری، هونەری ژیاننامە، نووسینگەی تەفسیر، 2019، ل 19؛ نیعمە قەرەنی ئیسماعیل، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012، ل 17؛ دەستەواژەی "خودنووسینەوە". حەمە مەنتك، چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، چاپخانەی مەم و زین، 2019، ل 142؛ "خۆژیان نامە" و "خۆژین نامە". Ali Jawshani, Kurdistanica Dictionary (English-Kurdish-Persian), Volume One, First Edition, Mang Publication, 2015, p. 194.

[97] M. H. Abrams and Geoffrey Galt Harpham, A Glossary of Literary Terms, tenth edition, Cengage Learning, Wadsworth, 2012, p 27.

سیما داد، همان، صص 270-273؛ نەوزاد ئەحمەد ئەسود، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2011، صص 268-272.

[98] احمد اخوت، نقش هایی از یاد، ص 22.

[99] برایان د. آزبون و ریچارد سایر، چگونه زندگینامه بنویسیم، ترجمه: محسن سلیمانی، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران، 1393، ص 41.

[100] محبوبه شمشیرگرها، همان، ص 143.

[101] Robert Southey

[102] جورج مای، السيرة الذاتية، تعريب: محمد قاضي و عبدالله صولة، رؤية للنشر و التوضيع، القاهرة، 2017، صص 34-35.

[103] The Autobiography of a Dissenting Minister W.P. Scargill

[104] Jennifer Jensen Wallach, Remembering Jim Crow: the literary memoir as historical source Material, Doctor of Philosophy, University of Massachusetts Amherst, Department of Afro-American Studies, May 2014, p. 23.

[105] Rudolf Dekker, "Reviews Encyclopedia of Life Writing", The European Legacy, Vol. 9, No. 5, 2004, pp. 659-662. سیما داد، همان، ص 273

[106] ناصر فکوهی، "انسان شناسی حافظه و خاطره"، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400، ص 37.

[107] احمد اخوت، نقش هایی از یاد، ص 25.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەبارەت بە پێناسەی خودژیاننامە، هاوشێوەی بیرەوەری، لە لای بەشێکی لێکۆڵەران "ژانرێکی ئەدەبی"یە تێیدا پێناسەی کورت یان درێژی ژیانی مرۆڤ دەکات، ژیانێك کە لایەك بریتییە لە بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی ژیاننامەنوس و لە لایەکی دیکەوە بریتیە لە ڕەفتار و کردارەکانی.[108] *مارگرت درابڵ*، ڕۆماننوسی بریتانی، بەمشێوەیە پێناسەی خودژیاننامە دەکات:"نووسینێکە بە ئامانج و خۆئاگاییەوە باسێک لە ژیانی نووسەر دەخاتە ڕوو، هەست، خۆراگری و وردەکاری ئەزموونی لەخۆ دەگرێت".[109] لە پێناسەیەکی دیکەدا، خودژیاننامە، ژیاننامەیەکە کە لە لایەن خودی نووسەرەوە دەگێڕدرێتەوە کە دەشێت نووسینێکی هاوڕازانەی "کەسی" بێت کە مەرج نییە بۆ بڵاوکردنەوە بێت (وەکو بیرەوەری، یادداشتنامە، یادداشت، نامەکان و ...) یان ژیاننامەیەکی فەرمی بێت بە درێژی و قەبارەی کتێبێك.[110] هەر لە بەر ئەم هۆکارەش بوو کە ڕۆماننوسی بریتانی *گراهام گرین* (1904-1991)[111] پێی وابوو کە خودژیاننامە تەنیا "جۆرێکە لە ژیان" و ئەم دەستەواژەیەی وەك ناونیشانێك بۆ ژیاننامەی خۆی لە ساڵی 1971 بەکارهێنا.[112] بەم شێوەیە خودژیاننامە "مێژووی ژیان" یان "قۆناغێکی" ژیانی کەسێکە و بە مانایاکەی تر "کارنامەی کەسی"یە.[113]

ئەم پێناسە فراوانەی ژیاننامە و بەتایبەتی لە جۆری خودژیاننامە وای کردووە کە بە ڕای بەشێك لە لێکۆڵەران، خودژیاننامە ببێتە چەترێکی فراوان بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم جۆرەکانی تایبەت بە بیرەوەری و یاداشت.[114] بەوپێیەی کە بیرەوەری، یاداشتی ڕۆژانە، گەشتنامە و تەنانەت نامە کەسییەکان سەرجەمیان باس لە بەشێك یان چەند بەشێك ژیانی کەسەکە دەکەن.

بەپێی بەشێك لە پێناسەکان، بیرەوەری دەچێتە خانەی خودژیاننامە، چونکە تایبەت بە قۆناغ یان ڕووداوێکی تایبەت لە ژیانی ڕابردووی نووسەرە، ئەمەش وا دەکات پەیوەندی نێوان خودژیاننامە و بیرەوەری، پەیوەندییەکی "گشتی و تایبەت" بێت.[115] واتا لە خودژیاننامە، بیرەوەرینووس ژیانی خۆی بە گشتی، لە سەرەتا تاوەکو کاتی نوسینی بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە، بەڵام لە بیرەوەری دەشێت بەشێك یان قۆناغێك لە ژیانی کەسەکە بگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ژیاننامەنووسین (بە هەر دوو جۆرەکەیەوە) لە قۆناغی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری، دوو ئاراستەی جیاوازی وەرگرت؛ ئاراستەیەکیان لە کۆتایی سەدەی 18 و سەرەتای سەدەی 19 بوو کە کۆمەڵێك چیرۆکنووسی بەتوانا، خۆیان لە کۆتوبەندی وەفادارێی بە گێڕانەوەی واقعییەت ڕزگار کرد و ڕوویان کردە نووسینی ڕۆمان. ئاراستەی دووەم، لەسەر ژیاننامەنووسین بەردەوام بوون و تەنانەت زیاتر هەوڵیاندا ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە ئەزموونی کەسیی و لایەنە دەروونییەکان باس بکەن. لە کۆتایی سەدەی 19 و دەرکەوتنی تێروانینە دەروونناسییەکانی وەك *فرۆید*، زیاتر گرنگی بە دیوە شاراوەکانی ژیانی تاك و دەروونی مرۆڤەکان دەدرا تا ئەو ڕادەیەی لە کۆتایی سەدەی 20 و سەرەتای سەدەی 21، تەنانەت لە خودژیاننامەکانیش، بێپەردە و ڕاشکاوانە بەشێکی زۆری ژیانی تایبەتی خۆیان بۆ خوێنەر دەگێڕایەوە.[116] لە جەنگی دووەمی جیهانی بەملاوە، کەسایەتییە ناودار و گرنگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوویان لە نووسینی ژیاننامەی خۆیان کرد.[117]

لە سەردەمی ڕۆشنگەری و بەدیاریکراوی لە سەرتای سەدەی 17، ژانرێکی تری ئەدەبی بە ناوی ڕۆمان هاتەکایەوە کە وەك ژیاننامە، میحوەری سەرەکی مرۆڤ و کردەوەکانی بوو کە دواتر کاریگەری لەسەر ژیاننامە بەجێهێشت.[118]بەشێك لە لێکۆڵەران

---

(108) عبدالعزيز شريف، أدب و السيرة الذاتية، مكتبة لبنان و الشركة العالمية للنشر- لونجمان، الجيزة، 1992، ص 2.
(109) Robin Thomas, Ibid, p. 13.
(110) Britannica, “autobiography”, https://www.britannica.com/art/autobiography-literature, accessed: 25/6/2022.
(111) Graham Greene
(112) Britannica, “autobiography”, Ibid.
(113) احمد اخوت، نقش هايى از ياد، ص 22.
(114) سيروس شمسيا، انواع ادبى، ويرايش چهارم، نشر ميترا، تهران، 1386، ص 269؛ يحيى ابراهيم عبدالدايم، الترجمة الذاتية فى الادب العربى الحديث، دار احياء التراث العربي، بيروت، دون سنة، صص 3-4؛ سيما داد، همان، ص 272. محبوبه شمشيرگرها، همان، ص 132.
(115) محمدرضا ايروانى، همان، ص 5.
(116) محسن سليمانى، همان، صص 20-21.
(117) سيما داد، همان، ص 273.
(118) احمد اخوت، نقش هايى از ياد، ص 26.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ژیاننامەنووسین وەك لقێك لە ئەدەبیات یان ژانر و بەرهەمێكی ئەدەبی لە قەڵەم دەدەن[119] بە تایبەتی ئەگەر دارشتنی ئەدەبی تێدا بەکار هاتبێت. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئۆتوبیوگرافی زیاتر لە هەموو شێوەکانی تری بیرەوەری لە ئەدەبیاتەوە نزیکە و دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی ناچیرۆکییەوە (Non-fiction literature) هەرچەندە کە دەشێت سوود لە توخمەکانی ئەدەب وەربگرێت، بەڵام تا ئەو کاتەی کە زیاتر پشت بە واقعییەت ببەستێت لە بری داهێنان و خەیاڵ، دەچێتە خانەی ئەدەبی ناچیرۆکی و لە بیرەوەری و مێژووەوە نزیکتر دەبێتەوە و ئەمە بۆ پێچەوانەکەشی ڕاستە کە ئەو کاتە لە "خودژیاننامەی چیرۆکی"یەوە زیاتر نزیك دەبێتەوە.[120]

*جیمز ئۆنلی*[121] نووسەر و بیرمەندی ئەمریکی، خودژیاننامەکان بۆ چوار گرووپی دابەش دەکات:

1. **بابەتی؛** ژیاننامە و بیرەوەرییەك کە تەنیا باس لە بابەتێکی دیاریکراو و تایبەت دەکات.
2. **ئایدۆلۆژیانە:** تەوەری نووسینی بیرەوەری لە خزمەتی دەرخستنی جیهانبینی و ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەیە کە خاوەنی بیرەوەری بڕوای پێیەتی.
3. **خودژیاننامە لە قاڵبی ڕۆمان:** نووسەر خۆی لە پشتی قارەمانی چیرۆکەکەی دەشارێتەوە و ژیانی خۆی لە دەرچەی چاوی ئەو دەنووسێتەوە. لێرەدا بە پێچەوانەی خودژیاننامە باوەکان، نووسەر لە چاوی کەسی سێیەمەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.
4. **ڕۆمان لە شێوەی خودژیاننامە:** ئەوەی لێرەدا ڕۆمان لە خودژیاننامە جیادەکاتەوە، "واقعیبوون"ی ڕووداوە و کەسەکانە.[122]

### 1-5-1 جیاوازی بیرەوەری و خودژیاننامە

1. سەرەکیترین جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە بیرەوەری تایبەتە بە قۆناغێکی دیار و سنووورداری بیرەوەرینووس یان ڕوودا و بەسەرهاتێك کە مەرج نییە هەموو ژیانی خاوەن بیرەوەری بگرێتەوە، بەڵام لە خودژیاننامە چاوەڕێ دەکرێت کە سەرجەم ژیانی نووسەر بە وردەکاری، تایبەتمەندی، حەز و خەونەکانی بگێڕێتەوە.[123] بە مانایەکی تر، بە پێچەوانەی خودژیاننامە کە چیرۆکێکی درێژە لە لەدایکبوونەوە تاوەکو پێش مردنی ژیاننامەنووس، لە بیرەوەریدا دەشێت تەنیا پارچەیەك لە ژیانی بیرەوەرینووس بێت.[124] بەم شێوەیە خودژیاننامە ماوەیەکی فراوانتری ژیانی دانەرەکەی دەگرێتەوە، لە کاتێکدا بیرەوەری سنووورداترە.[125]
2. بیرەوەری زیاتر لەسەر تەوەرێتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان کار دەکات، نەك ژیانی تایبەتی نووسەر، بەڵکو ژیانی لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان تێکەڵ دەکات و لەوانەیە نووسەر باسی چەند وێستگەیەکی ژیانی خۆی بکات وەکو قۆناغەکانی منداڵی، لاوی، خوێندن، هاوسەرگیری و ... تاد، بەڵام بەگشتی ناچێتە لایەنە دەروونی و تایبەتییەکانی زەینی نووسەر وەك ئەوەی لە ژیاننامەدا دەبینرێت.[126]بە واتایەکی تر لە خودیاننامە، بە مانای وشە جەختت لەسەر "ژیان و کارنامەی نووسەر" دەکرێتەوە، بەڵام لە بیرەوەرییەکان و بەتایبەتی سیاسییەکان، ئەوەی زیاتر گرنگی پێ دەدرێت و کاری لەسەر دەکرێت، گێڕانەوە و وەسفی ڕووداوەکانی ئەو کاتەیە کە بیرەوەرییەکە دەیگێڕێتەوە.[127]
3. لە بیرەوەریدا جیاواز لە خودژیاننامە کە جەخت لەسەر خودی نووسەر دەکاتەوە، نووسەر زیاتر پشت بەو خەڵکانە دەبەستێتەوە کە بەرکەوتەی دەبێت لەگەڵیان، ئەو ڕووداوانەی کە بینەریان بووە یان ڕۆڵی تێدا هەبووە.[128] بەمشێوەیە بیرەوەرینووس لە

---

[119] سیروس شمسیا، همان، ص 269؛ نصرالله امامی، "زندگینامه نویسی، شیوه و تاریخچه"، مجله نشر دانش، شماره 58، خرداد و تیر 1369، ص 44؛ جهانگیر قائم مقامی، روش تحقیق در تاریخ نگری، انتشارات دانشگاه ملی ایران، تهران، ص 81؛ چنگیز پهلوان، همان، ص 16؛ عبدالعزیز شریف، مصدر السابق، ص 2.
[120] ناصر ایرانی، داستان: تعاریف، ابزارها، و عناصر، کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان، تهران، 1364، صص 34-35.
[121] James Onley
[122] احمد اخوت، نقش های از یاد، صص 29-31.
[123] محمدرضا ایروانی، همان، صص 5-6؛ سها دادمند، "خاطره و ابزارهای ثبت خاطرات"، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400، صص 42-43.
[124] محبوبه شمشیرگرها، همان، ص 143.
(125) G. Thomas Couser, Ibid, p. 1.
[126] احمد اشرف، همان، ص 187.
[127] فریدون آدمیت، "در تفکر تاریخی و روش تحقیق"، دو ماهنامه بخارا، سال یازدهم، شماره 4 (پیاپی 65)، اردیبهشت 1387, ص 517؛ محمد غربي، "دور المذكرات الشخصية في ترسيخ التاريخ الجزائري"، مجلة الحوار متوسطي، المجلد العاشر، العدد 1، مارس 2019، ص 104؛ Britannica, “memoir”, Ibid.
[128] فرهنگنامه ادب فارسی، جلد 2، ص 544.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:69-99
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مێژووی سەردەمەکەی بەشداری دەکات و مێژووە کەسییەکەی تێکەڵ بە مێژووی گشتی دەکات. بەڵام بەپێچەوانەوە، خودژیاننامەنووس، مێژوویەکی کەسیترە و بە خۆیەوە بەستراوەتەوە، ئەم تایبەتمەندییەش وا دەکات کەسایەتی نووسەر، ڕوونتر و وردتر بۆ خوێنەر دەرکەوێت.(129)

4. جیاوازییەکی وردی نێوانیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودژیاننامە وەك لە ناوەکەی دیارە، پێویستە خودژیاننامەنووس هەمیشە سۆبێکت (subject) بێت، بەڵام ئەمە بۆ بیرەوەری مەرج نییە، دەشێت بیرەوەرییەکان سەبارەت بە خودی نووسەر نەبێت، بەڵکو سەبارەت بە کەسێك بێت کە نووسەر دەیناسێت. بۆیە بیرەوەری نەك تەنیا دەتوانێت جۆرێکی خودژیاننامە بێت، بەڵکو دەتوانێ جۆرێك لە ژیاننامە بێت، واتا ژیاننامەی کەسێك کە نووسەر دەیناسێت.(130)

5. مەرجی ژیاننامەیەکی بەهێز، ژیانێکە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاسایی نەبێت، لە کاتێکدا بیرەوەری دەتوانێت دەربارەی بوونێکی ئاسایی بێت کە بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە دەگێڕدرێتەوە.(131)

**2- یاداشت (یاداشتنامە، یاداشتی ڕۆژانە)**

یاداشت بە دەقێك دەوترێت کە نووسەرەکەی لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا، بە شێوەی ڕۆژانە یان لە ماوە جیاوازەکاندا، ڕووداوەکان تۆمار دەکات و بەگشتی ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە نووسەر تێیدا بەشدار بووە یان بکەری ڕووداوەکان بووە.(132) یاداشتەکانی ڕۆژانە، نووسراوێکی ڕۆژمێرانە و خاوەن ڕێککەوتی نوسینە کە دەچێتە خانەی بیرەوەرییەوە و ئەگەرچی لە ناوەڕۆك، بابەت و نموونەکان، لە بیرەوەری دەچن، بەڵام بەو پێیەی بە هاوتەریبی ڕووداوەکان و ڕەوتی پێشهاتەکان دێنە کایەوە، سنووری خۆیان لەگەڵ بیرەوەری دەپارێزن و تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن.(133) بۆیە یاداشت، تۆماری ڕۆژانەی ئەو ڕووداوانەیە کە زۆربەیان پەیوەندییان بە یاداشتنووسەوە هەیە و هاوشێوەی بیرەوەری، بیروبۆچوون و کردار و لایەنە دەروونییەکانی نووسەرەکەی دەگرێتەوە.

لە زمانی ئینگلیزیدا چەند وشەیەك بۆ یاداشت پێشنیار کراوە؛ وشەی "diary" بە مانای فۆرمێکی خودژیاننامە هاتووە و تۆمارێکە چالاکی و بیرکردنەوەکانی نووسەر لەخۆ دەگرێت. لەم پێناسەیەدا یادداشت بە پلەی یەکەم بۆ بەکارهێنانی "نووسەر" نووسراوە و دەبێتە "تۆمارێکی کەسی".(134) هەروەها وشەی "journal" بە هەمان شێوە بە مانای باسێک یان گێڕانەوەیەك لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە یان تۆمارێک لە ئەزموونەکان، بیرۆکەکان، یان بیرکردنەوەکانی نووسەر دێت کە بە بەردەوامی بۆ "بەکارهێنانی تایبەت" هەڵدەگیرێن کە هەندێک جار کەمتر "کەسیی"ە بە بەراورد بە یاداشتنامەیەک (diary).(135) تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەم دوو جۆرە لە یاداشتنووسین خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە "ڕۆژانە" دەنووسرێتەوە و سەبارەت بە ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر، بۆ بەکارهێنانی کەسیی و ڕەزامەندی نووسەرە، هەروەها بە بیرکردنەوەیەکی کەم یان هیچ مەبەستێك بۆ بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی.(136) لە زمانی فەڕەنسیدا لە بری یادداشت وشەی "journal intime" بەکار دێت کە بریتییە لە تێبینی ڕۆژانە لەسەر ڕووداوێکی کەسی، هەست و سۆز و کاردانەوە بەرامبەر بە ڕووداوێکی کەسی کە جۆرێکە لە خودژیاننامە و کار لەسەر ئەو ڕووداوانەوە دەکات کە لە ئێستادا ڕوو دەدەن و ڕووداوەکان ڕۆژانە دەنووسرێنەوە. هەر بۆیە بەو کەسەی کە بەم شێوازە ڕووداوەکان دەنووسێتەوە پێی دەڵێن "diarists" بە واتای یاداشتنووس.(137)

بۆ یەکەم جار یادداشتنامەکان لە ئەوروپا و لە سەدەی پانزەیەمەوە دەرکەوتن و لە نیوەی یەکەمی سەدەی 19 حەز و ئارەزووی نووسینی یاداشتەکان زیادی کرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە حەزێکی ئەدەبی زۆریان هەبوو.(138) بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی وشەکە،

(129) محمد غربي، مصدر السابق، ص 104.

(130) G. Thomas Couser, "Memory, Memoir, and Mimesis", https://www.academia.edu/9470841/Memory_Memoir_and_Mimesis, accessed: 6\8\2022.

(131) Ny Book Editors, "How to Write a Memoir That People Care About", https://nybookeditors.com/2016/03/how-to-write-a-memoir-that-people-care-about/, accessed: 10 8 2022.

(132) یعقوب توکلی، "دوازده سبك تاریخنگاری نقلی"، نشریه زمانه، سال چهارم، شماره 41 و 42، بهمن و اسفند 1384، ص 37.

(133) محمد حسین صنعتی، آشنایی با ادبیات دفاع مقدس، نشر صریر، تهران، 1389، ص 117.

(134) Britannica, "diary", https://www.britannica.com/art/diary-literature, accessed: 23/6/2022.

(135) Britannica, "journal", https://www.britannica.com/art/journal-literature, (accessed: 23/6/2022).

(136) M. H. Abrams and Geoffrey Galt Harpham, Ibid, p 27.

(137) Larousse, "journal intime", https://www.larousse.fr/encyclopedie/divers/journal_intime/63403, accessed: 19/6/2022.

(138) Britannica, "diary", Ibid.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پێدەچێت کە یەکەم جار لە سەدەی 18-دا لە دایك بووبێت و لە فەڕەنسا زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە.[139] فۆڕمی یاداشتنامەکان لە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس گرنگی پێدرا، کاتێك کە گرنگی تاك ڕووی لە زیادبوون کرد و جگە لە ئاشکراکردنی کەسایەتی یاداشتنامەنووس، یاداشتنامەکان گرنگییەکی بێئەندازەیان بۆ تۆمارکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە.[140]

### 1-2 تایبەتمەندییەکانی یاداشت و جیاوازی لەگەڵ بیرەوەریدا

یاداشتەکانی ڕۆژانە بە گشتی بە چەند تایبەتمەندییەك دەناسرێنەوە؛ نووسینێکی چڕە و لە هەمان کاتدا پڕاوپڕە لە زانیاری. یادداشتەکان بە زۆری هەوڵ دەدەن کورت و پوخت بن، بەو مانایەی یاداشتنووس بەشێوەکی گشتی باسی هەستی خۆی، ڕووداوەکان و گێڕانەوە سەرەکییەکان بکات و خۆی لە چوونەوە ناو وردەکارییەکان و ڕووداوە لاوەکییەکان دەپارێزێت. هەروەها یاداشت بەگشتی "کەسیی"ە و کۆتایی و دەرەنجامێکی نییە. زۆرینەی ئەم نووسینانە دوورن لە پێداچوونەوە، ڕێکخستن و دارشتنێکی هونەری، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی خێرا دێنە سەر کاغەز و دەبنە تۆمارێکی ڕۆژانە.[141]

یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی یاداشتی ڕۆژانە ئەوەیە کە ڕووداوەکان دەستبەجێ و لە نزیکترین ماوەدا تۆمار دەکرێن؛ بەم شێوەیە لە کەموکورتی، چەواشەکاری و دەستبردنەکانی بیرگە - بەتایبەتی ئەگەر ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕی بێت- ڕزگاری دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی یاداشتەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئامانجی یاداشتنووس و ئەگەری بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی هەیە. ئەگەر ناوەڕۆکی نووسینەکە پەیوەندی بە کۆمەڵێك بابەتی نهێنی، تایبەتی و لە شێوەی دانپێدانان بێت، ئەوە ئامانج و مەبەستی یاداشتنووس لە بڵاوکردنەوەی یاداشتەکان ڕۆڵ دەگێڕێت، بەڵام ئەگەر یاداشتەکان پەیوەندی بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت، یاداشتنووس دەتوانێت بە شێوازێك گێڕانەوەکانی خۆی تۆمار بکات کە ئەگەر بڵاویش بوویەوە کێشەی بۆ دروست نەبێت.[142]

ئەگەرچی جێی سەرنجە نووسەری یاداشتەکان چ پلەیەکی سیاسی، سەربازی، حکومی، ئایینی و کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵام گرنگتر لەوە خودی یاداشتەکانە کە وەك تۆمارێکی ڕۆژانە، بەها و ئیعتباری تایبەت بە خۆیان هەیە[143] و بەها و سەنگی بیرەوەری و یاداشتەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەسایەتی ڕاستەقینەی نووسەرەوە هەیە.[144]

تایبەتمەندی و خاڵێکی هاوبەشی دیکەی بیرەوەری و یاداشت ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا "فۆرم و ژانری تایبەت"یان نییە؛ هەربۆیە هەندێك جار بیرەوەرییەکان بەتەواوی ژیانی بیرەوەرینووس دەگرێتەوە، یاخود خۆی لە پەراوێزە، جاری وا هەیە لە چیرۆکەوە نزیکە و جاری واش هەیە لە دەقێکی شاعیرانە دەچێت، بڕێك جار بە کورتی باسی ڕووداوەکان کراوە و بڕێك جار بە وردی چووەتە ناو ڕووداوەکانەوە. تەنانەت لە ناوەڕۆك و ئامانجی نووسیندا جیاوازن؛ بیرەوەری وەك دانپێنانامەیەك دێتە بەر چاو، یان بەپێچەوانەوە گێڕانەوەیەکە بۆ ئەوەی بیرەوەرینووس بە شانوباڵی خۆی هەڵ بدات و بیرەوەرییەکانی ڕەخنە و توانج بێت بۆ سەر کەسانی تر.[145]

یادداشتەکان یەکدەست و یەکسان نین و پەیوەندی بە ئاست و پێگەی نووسەرەکانیانەوە هەیە؛ بۆ نموونە لەو یادداشتانەی کە پەیوەندیان بە کاتی جەنگەوە هەیە، ئەو بیرەوەرییانەی کە لە لایەن شەڕکەرە ئاسایی و سەربازە پلە نزمەکان نووسراوە زیاتر لە بیرەوەری نزیك دەبێتەوە چ لە ڕووی دەق و چ لە ڕوی گرنگیدان بە بابەتە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان، لە بەرامبەردا یاداشتی کەسانی پلەبەرزی سەربازی وەك فەرماندەکان، چ سەربازی بن و چ سیاسی، نووسینەکانیان زیاتر هەڵگری بابەتە ئەمنی، زانیارییە سەربازیی و ستراتیژییەکانە و لە بیرەوەری دوور دەکەوێتەوە.[146]

---

[139] Larousse, “journal intime”, Ibid.
[140] Britannica, “diary”, Ibid.
[141] محبوبه شمشیرگرها، "انواع زندگی نوشت‌های فارسی"، فصلنامه ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی وه مطالعات فرهنگی، سال هشتم، شماره اول، بهار و تابستان 1397، ص 145.
[142] احمد اشرف، "تاریخ، خاطره، افسانه"، دو ماهنامه بخارا، سال یازدهم، شماره 2 (پیاپی 71)، خرداد تا شهریور 1388، ص 185.
[143] یعقوب توکلی، همان، ص 37.
[144] فریدون آدمیت، همان، صص 517-518.
[145] احمد اخوت، نقش هایی به یاد ، صص 7-8.
[146] محمد حسین صنعتي، همان، ص 117.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:69-99 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەرەڕای ئەوەی کە هاوشێوەی بیرەوەری، یاداشت گێرانەوە و تۆمارکردنی ڕووداو و هەستێکە کە پەیوەندی بە ڕابردووەوە - کورت یان درێژ؛ نوێ یان کۆنە- هەیە، هەروەها بەو پێیەی کە دەشێت بیرەوەری بە شێوەی تۆماری ڕۆژانە ڕووداوەکان و ڕێکخستنی کاتی بیرەوەرییەکان بنووسرێتەوە، لە یاداشت دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازیان هەیە. سەرەکیترین و دیاریترین جیاوازی نێوانیان بۆ ماوەی تۆمارکردن و گێردرانەوەی ڕووداوەکان دێت؛ لە یاداشتدا (یاداشتی ڕۆژانە) هەروەك لە ناوەکەی دیارە، لە ماوەیەکی زۆر کەمی پاش ڕووداوەکان کردەی نووسین ئەنجام دەدرێت و بەزۆری لە ماوەی ڕۆژێکدا، بەڵام لە بیرەوەری ماوەی تۆمارکردنەکە دیاریکراو نییە، دەشێت لە چەند ڕۆژێکەوە بۆ چەند ساڵێك بخایەنێت. هەڵبەت ئەمە بۆ یاداشتیش ڕاستە کە ئایا مەرجە ماوەی تۆمارکردنەکە لە هەمان ڕۆژدا بێت، ئەگەر بۆ نموونە ڕۆژی دوایی بێت لە یاداشت دەردەچێت؟ پرسیارێك پێویستە وەڵام بدرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی پێناسەکانی هەر دوو چەمکەکە دەتوانین بڵێین: هەموو یاداشتێك -بە هۆی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی- بیرەوەرییە، بەڵام مەرج نییە هەموو بیرەوەرییەك، یاداشت بێت. بەواتایەکی تر مەرج نییە هەموو بیرەوەرییەك لەسەر بنەمای یاداشتە ڕۆژانەکانی بیرەوەرینووس نووسرا بێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و جیا لەم جیاوازییە وردە، دەتوانین لە چەند خاڵدا، جیاوازییەکانی دیکەی نێوان بیرەوەری و یاداشت ڕوون بکەینەوە.

1. جیاوازییەکی بنەڕەتیی نێوانیان بۆ تایبەتمەندییەکی گرنگی یاداشت دەگەڕێتەوە کە زەینی یاداشتنووس لە کاتی نووسینی بیرەوەرییەکان، پلان و نەخشەیەکی پێشوەختەی نییە و لە ئەنجامدا ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەگێردرێتەوە و تەنانەت لەوانەیە نووسەر بیر لەوە نەکاتەوە کە لە دواڕۆژدا یاداشتەکانی ببێتە بەڵگەنامە و تۆمارێکی مێژوویی گرنگ. ئەم تایبەتمەندییە وای لە بەشێك لە لێکۆڵەران کردووە کە یاداشتەکان لە ڕووی بەهای مێژووییەوە بخەنە ئاستی بەڵگەنامەکان، بەتایبەتی ئەگەر خودی یاداشتنووس لە ڕووداوەکان ئامادە بووبێت.[147] بەڵام لە بیرەوەرییدا وبەتایبەتی بیرەوەرییە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان، جیا لەوەی بەهۆی تێپەڕبوونی کات و مەوداوە، بیرەوەرینووس تووشی گومان و وەسواس دەبێت، بەرژەوەندییەکانیشی لە کاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر بابەت و ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکان پەیوەندی بەو کەس و لایەنانە هەبێت کە لە ژیاندا مابن.[148] بۆیە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بە پێچەوانەی یاداشت، ئامانجدار وبەرژەوەندیخواز دەبێت.
2. لە یاداشتەکاندا بە هۆی ماوەی کورتی نێوان ڕووداو و نووسینەوە، بیرگە توانای بەبیرهێنانەوەی زۆر باشتر و وردتری دەبێت بە پێچەوانەی بیرەوەری. لە کاتێکدا لە بیرەوەریدا، ڕووداوەکان پاش تێپەڕبوونی ساڵانێك دەنووسرێتەوە و لە ئەنجامدا لە کاتی نووسیندا لە پاڵاوتەی سروشت و خوی کەسی و پێگەی کۆمەڵایەتی گێڕەوە تێدەپەڕێت، هەر بۆیە تووشی هەڵەی بیرگە و دەستبردنی ئاگایانە و نائاگایانەی بیرەوەرینووس دەبێتەوە.[149]
3. تایبەمەندی دەستبەجێ نووسینەوەی ڕووداوەکان وای کردووە کە بۆچوونێك پێی وابێت یادداشتی ڕۆژانە، بیرەوەری نییە؛ لەسەر ئەو بنەمایەی کە یاداشتەکان، تۆمار و نووسینەوەی ڕووداوەکان و هەست و نەستی تایبەت بە نووسەرە، کە لە ڕۆژێکی تایبەت نووسراوە، هەنووکەیی و خێرا تۆمار کراوون و جیاوازە لە بیرەوەری کە بە ئارامی و لەسەرخۆ دەنووسرێتەوە.[150] لێرەدا مەبەست ئەوەیە بیرەوەرینووس بە پێچەوانەی یاداشتنووس، وێنەیەکی گەورەتری ڕابردووی لەبەرچاوە و بە هۆی تێپەڕبوونی کات، ڕوونبوونەوەی هۆکار و دەرئەنجامی ڕووداوەکان و ئاگایی زیاتری بیرەوەرینووس لە ڕووداوەکان بە هۆی سەرچاوە جیاوازەکانەوە، زانیاری زیاتری لە ڕووداوەکانی ڕابردوو هەیە. هەرچەندە ئەم بۆچوونە ورد نییە و بەپێی ئەو پێناسە جیاوازانەی کە بۆ ئەم دوو چەمکە کرا، هەردووکیان گێرانەوەیەکن ئاماژەیان بۆ ڕابردووە، بەو جیاوازییەی کە لە یاداشت ڕابردووەکە نزیکترە بە بەراورد بە بیرەوەری.
4. بیرەوەرییەکان کە زیاتر سەروکاریان لەگەڵ بیرگەدا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ڕووداوەکان دەگێرنەوە، بەپێچەوانەوە یاداشتەکان بە هۆی سروشتی تایبەت بە خۆیان، سەروکاریان لەگەڵ وردەکارییەکانی ژیان هەیە.[151]

---

[147] يعقوب توكلى، همان، ص 37.
[148] مرتضي نورائى و مهدى ابوالحسنى ترقى، تاريخ شفاهى و جايگاه آن در تاريخ نگارى معاصر ايران 13858-1385، ص 78.
[149] احمد اشرف، "تاريخ، خاطره، افسانه"، ص 187.
[150] پرويز راجى، در خدمت تخت طاووس (يادداشتهاى روزانه آخرين سفير شاه در لندن)، ترجمه: حسن كامشاد، چاپ دوم، انتشارات طرح نو، تهران، 1381، ص 13.
[151] چنگيز پهلوان، همان، ص 14.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

5. لە یاداشتەکاندا بەپێی سروشتی تۆمارکردنی نوسینەکە، بابەتە تایبەتی و کەسییەکانی بیرەوەرینووس، هەست و ڕەفتاڕە دژبەیەکەکانی و دۆخی دەروونی و ... لە نووسینەکەدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوتری هەیە وەك ئەوەی لە بیرەوەرییەکاندا دەبینرێت کە بیرەوەرینووس لە دۆخێکی جێگیر و لە پاش ڕامانی تەواوەتی لە ڕووداوێك، بۆچوونەکانی دەنووسێت.[152]

6. یاداشت لە ڕووی جۆر و دابەشکارییەکانی لە بیرەوەی گشتیتر و فراوانترە،[153] بەو مانایەی کە بە پێچەوانەی بیرەوەری کە تەنیا بەسەر دوو جۆر (بیرەوەری قۆناغیی و خودژیاننامە) دابەش دەبێت، یاداشتەکان بەسەر جۆرەکانی وەك گەشتنامە، نامەی کەسی، ڕووداونووسین دابەش دەبێت.

7. بەپێی پێناسە و تایبەتمەندییانەوە، یاداشت هەموو ژیانی یاداشتنووس ناگرێتەوە، بەڵام لە بیرەوەری بەشێوەی خودژیاننامە دەشێت ژیانی بیرەوەرینووس لە سەرەتای ژیانی تاوەکو کاتی نووسینی بیرەوەرییەکانی بگرێتەوە.

بەگشتی تێپەڕبوونی کات بە زیانی بیرەوەرییە ولە پەیوەندیدا بە بیرگەی[154] مرۆڤ و توانای بیرمانەوەی ڕووداوەکان، نەنووسینەوەی ڕووداوەکان لە نزیکترین ماوەدا، فەرامۆشی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمە جیا لەوەی تێپەڕبوونی کات، خاوەنی بیرەوەری تووشی دوودڵی، گومان لە زانیارییەکان، بەرژەوندیخوازی و لێکدانەوەی جیاواز دەکات بەتایبەتی ئەگەر لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کەسانێکی کردبێت کە هێشتا لە ژیاندا مابن و خاوەن پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن.[155] بە مانایەکی ترهەروەك *ساموئێل هاینکس* باسی دەکات، هەرچەنێك کرداری تۆمارکردنی ڕووداوێك، لە نزیکترین ماوەی ڕووداوەکە، ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ ئەنجام بدرێت، بێخەوشی و ڕەسەنێتی ڕووداوەکە زیاتر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە، دواکەوتنی تۆماری ڕووداوەکان و دوورکەوتنەوەی گێڕانەوەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆخمی "بیرکردنەوە" بەهێزتر بێت و چیتر پرسیارەکە تەنیا لەبارەی چییەتی ڕووداوەکان نابێت و "چۆنێتی" ڕووداوەکانیش بایەخیان ببێت.[156] ئەمەش وا دەکات ڕووداوەکە وەك خۆی و ناکارای نەگێردرێتەوە، بەڵکوو تووشی دەستبردن و لێکدانەوەی جیاواز ببێت.

ئەم تایبەتمەندییە، بایەخ و گرنگی یاداشت بە بەراورد بە بیرەوەری زیاتر ڕوون دەکاتەوە؛ چونکە بیرەوەری "بەرهەمی ئەمڕۆی" خاوەنەکەیەتی، واتا نووسەرێك کە بیرەوەری دەگێڕێتەوە، ئەزموون، زانیاری، تێبینی و کەسایەتییەکی هەیە جیاوازە لەوەی کە لە ڕابردوو هەیبووە و هەر چەنێك مەودای نێوان دوێنی و ئەمڕۆ، گێڕانەوە و ڕووداو و نووسینی بیرەوەرییەکان زیاتر بێت، جیاوازییەکان زیاتر دەبێت.[157]

لەم گۆشەنیگایەوە دەردەکەوێت ڕێژەی "ڕەسەنایەتی" یاداشتەکانی ڕۆژانە لە بیرەوەری زیاترە، چونکە جیا لەوەی زەین هەڵەی کەمتر لە نووسینەوەی ڕووداوەکان دەکات، یادداشتنووسیش کاردانەوەی هەنووکەیی سەبارەت بە هەر ڕووداوێك تۆمار دەکات "بەبێ ئەوەی بە ڕەچاوکردنی دواتر، بابەتەکان هەڵبەسەنگێنێت و بە نووسینەکەیدا بچێتەوە" وەك چۆن بیرەوەرینووسەکان وادەکەن.[158]هەروەها یاداشتەکان بە هۆی گەرماوگەرم نووسینی ڕووداوەکان ومەودای کورتی تۆمارکردنیان، هەروەها ڕەچاوکردنی بەدوای یەکترهاتنی نووسینی ڕووداوەکان لە ڕووی کاتەوە، کەمتر تووشی لەبیرچوونەوە و هەڵەی بیرگە لە گێڕانەوە و تۆماری ڕووداوەکان دەبن و بەمشێوەیە جێمتمانەترین سەرچاوەی بیرەوەری نووسینن.[159] لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە بە مانای کەموکورتی یاداشتەکان نایەت، بەتایبەتی کە ڕەنگە یاداشتنووس ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری نەبێت و زانیاری وردی دەستنەکەوتبێت یان دیسانەوە بەهۆی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کەسییەوە، ڕاستگۆ نەبێت.[160] بۆیە سەرەڕای ڕەسەنایەتی و

---

[152] پرویز راجی، همان، ص 13.
[153] فرهنگنامە ادب فارسی، جلد 2، ص 544.
[154] سەبارەت بە سێ قۆناغی جیاوازی پەیوەندیدار بەیەکەوەی بیرگە کار لەسەر ئەو زانیارای و وروژێنەرانە دەکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بڕوانە: کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2006، ل 206-207؛ سەبارەت بە هاتنەکایەی بیرەوەری لە سێ بیرگەی هەستی، ماوە کورت و ماوە درێژ بڕوانە:
David G. Myers, Psychology, Ninth edition, New York, 2010, p. 329.
[155] علیرضا کمری، با یاد خاطره، ص 62.
[156] ساموئل هاینس، "یادآوری و روایت‌های شخصی"، در کتاب: گفتمان جنگ در رسانه‌ها و زبان ادبیات، به اهتمام فرهاد ساسانی، انتشارات سوره مهر، تهران، 1384، ص 51. به نقل از: گروهی از نوسیندگان، خاطره و گفتمان جنگ، به اهتمام فرهاد ساسانی، انتشارات سوره مهر، تهران، 1387، ص 33.
[157] محسن حسام منظوری، خطر سقوط بهمن (سه مقاله درباره خاطرات جنگ)، نشر آرما، اصفهان، ص 19.
[158] فریدون آدمیت، همان، ص 517.
[159] علیرضا کمری، با یاد خاطره، ص 85.
[160] فریدون آدمیت، همان، ص 517.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەهای مێژوویی زیاتری یاداشت بە بەراورد بە بیرەوەری، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە بیرەوەرینووسیش دەتوانێت وێنەیکی جیاواز لەوەی کە لە واقعییەت لە خۆی و ڕووداو و کەسانی دەوەربەری وێنا بکات.[161]

## 2-2 جۆرەکانی یاداشت

هەروەك ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی یاداشت کرا و سەرەڕای جیاوازییە وردەکانی لەگەڵ بیرەوەریدا، بەڵام دواجار یاداشت ژێرکۆمەڵە و ڕیزبەندی بیرەوەرییە و بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی وەردەگرێت و دابەش دەبێتە سەر جۆرە جیاوازەکانی وەك یاداشتی گەشتی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ... . یاداشت زۆرجار دەچێتە چوارچێوەی خودژیاننامەنووسینەوە و تەنانەت ڕاپۆرتنووسین و ڕووداونامەش دەگرێتەوە. یاداشتێك کە بە درێژایی گەشتێك دەنووسرێت، ناوی گەشتنامەشی لێ دەنرێت چونکە لە ماوەی شەووڕۆژێکدا دەنووسرێتەوە.[162] بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین یاداشتەکان بەسەر چەند جۆرێك دابەش بکەین.

### 1-2-2 گەشتنامە (سەفەرنامە)

گەشتنامە (travelogue) لە سادەترین پێناسەدا، گێرانەوە و هەواڵنامەی گەشتێکە کە لایەن گەڕیدە و گەشتیارەوە ئامادە دەکرێت.[163] گێڕانەوەیەك کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنی نێوان نووسەری گەشتنامە و ئەوانی تر لە ئەنجامی گەڕان و جێگۆڕکێ دێتەکایەوە. لێرەدا نووسەر لە گەشتنامەکە یان باسی ئەم بەرکەوتنانە دەنووسێتەوە یان کاریگەری ئەم بەرکەوتنانە و تێڕوانین و ناسینی بەدەستهاتوو لە بەرکەوتنەکان تۆمار دەکات.[164] گەشتنامە سەرچاوەیەکی کەم وێنەیە بۆ پەی بردن بە "شووناسی کەسی"ی خاوەنی گەشتنامە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی "خود"ی نووسەر لەگەڵ "ئەوی تر"ی بێگانە و نامۆدا، لێرەدا گەشتنامە وەك گێڕانەوەیەکە کە لە شووناسی نووسەر بەرامبەر جیهانی دەرەوە بەرجەستە دەبێت.[165]

گەشتنامەکان زیاتر لە هەر شێوازێکی دیکەی یاداشتەکان لە "ژانری ئەدەبی" نزیکە و پەیوەست بە توانا و شارەزایی خاوەنەکەی، ئاستی ئەدەبی گەشتنامەکە دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەمەشدا گەشتنامەکان تایبەتمەندییەکی دیاریان هەیە کە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی پەخشانی جیای دەکاتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی گەشتنامە گێڕانەوەی "واقعییەت"ە بەبێ پەنا بردنە بەر خەیاڵ، مەگەر ئەوەی نووسەر هەوڵی دابێت واقعییەت لە بەرگێکی ئەدەبیدا بەیان بکات.[166] بە واتایەکی تر ئەدەبی گەشتنامە تێکەڵەیەك لە ڕاستییەکان، بینراوەکان و ڕووداوەکان کە لە لایەن خاوەنەکەیەوە بە ئاستێکی ئەدەبی دەنووسرێتەوە و بۆ توانای نووسەر لە هەڵبژاردن، خستنەڕووی بۆچوون و فرەچەشنی لە گێڕانەوەدا دەگەڕێتەوە.[167] گەشتنامەکان ئەگەرچی زۆرجار ژانرێکی ئەدەبی پەتییە، بەڵام بە هۆی دەستکراوەیی نووسەرەکەی و تایبەتمەندییەکانی، بازنەیەکی فراوانە بۆ کایەکانی دیکەی وەك مێژوو، هونەر و تەنانەت زانستەکان و بەشێوەیەکی بەرچاو لە بیرەوەری (و بە تایبەتی یاداشت) نزیکە و تێیدا نووسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەسەریدا هاتووە، بیستوویەتی یان بینوویەتی تۆمار دەکات.[168]

هاوشێوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی بیرەوەری و یاداشتەکان، بگرە زیاتریش، گەشتنامەکان بە باشترین سەرچاوە بو تێگەیشتن لە دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و بابەتەکانی تری پەیوەیست بە جوگرافیا و بەڕێوبردن وەك دابەشکاریی کارگێریی هەر وڵات و ناوچەیەك دادەنرێت کە گەڕیدە پێیدا تێپەڕیوە یان لەوێ ماوەتەوە.[169] بایەخ و گرنگی گەشتنامە بۆ دوو لایەنی زانستی و ئەدەبی دەگەڕێتەوە؛ ناوەڕۆکی ئەم جۆرە یاداشتانە بۆ زانستەکانی جوگرافیا، مێژوو، کۆمەڵایەتی و ئابووری گرنگی تایبەتی هەیە و بۆ زانستێکی وەکو جوگرافیا، گەشتنامەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ توێژەرانی ئەم بوارە. لە لایەنی ئەدەبییەوە بە هەمان شێوە،

---

[161] چنگیز پهلوان، همان، ص 13.
[162] علیرضا کمری، "یادنوشت"، گفتگو با علیرضا کمری، ماهنامه انشا و نویسندگی، شماره 25، آبان 1391، صص 16-17.
[163] محمدرضا ایروانی، همان، ص 6.
[164] لاله آتشی و علی رضا انوشیروانی، "نقد فضای گفتمان استعماری در سفرنامه های زنان غربی"، فصلنامه نقد ادبی، سال 5، شماره 20، زمستان 1391، ص 30.
[165] النا آندری یوا، روسیه و ایران در بازی بزرگ (سفرنامەها و شرق گرایی)، ترجمه: الهه کولائی و محمد کاظم شجاعی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، 1388، ص 79.
[166] الجوهرة بنت عبدالرحمن المنيع، الرحلات العربية مصدر من مصادر التاريخ (المملكة العربية السعودية) في الفترة (1338هـ – 1373هـ / 1920م – 1953م)، مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض، 1431هـ/ 2010م، ص 26.
[167] عبدالله بن احمد بن حامد آل حمادى، أدب الرحلة في المملكه العربيه السعودية، رسالة ماجستير غيرمنشوره، جامعه أم القرى، 1417هـ – 1418هـ/ 1997م، ص 34.
[168] الجوهرة بنت عبدالرحمن المنيع، مصدرالسابق، ص 27.
[169] عبدالحسين زرين کوب، تاریخ ایران بعد از اسلام، همان، ص 98.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

چوونە ناو دونیای ئەدەب و خەیاڵی هونەرییەوە بووەتە هۆی دەرکەوتنی "ئەدەبی گەشتنامە" و نزیك بوونەوە لە چەشنەکانی وەك گێڕانەوەی چیرۆکی، گفتوگۆ (الحوار)، وەسف و ... کە تێکەڵەیەك لە ئەدەب، زانست، خورافە و ئەفسانە، تایبەتمەندییەکی دەگمەنی بە گەشتنامەکان داوە.[170]

گەشتنامەکان بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژوویی کۆمەڵایەتی دادەنرێن؛ لە بنەڕەتدا گەشتنامەکان سەرباری هەموو هەڵەکانی نووسەر، بەرژەوەندیخوازی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، چەواشەکاری و بەلاڕێبردن و وێنا هەڵەکان کە دەشێت لە هەر گەشتنامەیەکدا هەبێت، بەڵام باشترین سەرچاوەیە بۆ دەستکەوتنی وێنەی ڕەهای کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك و دەشێت بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتن لە ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێ ببینرێت. ئەمە جیا لەوەی کە گەشتنامەکان تەنیا لە یەك بابەتێکی دیاریکراودا قەتیس نابن و لە زۆرێك لەم جۆرە نووسینانە، بابەتەکانی دیکەی وەك ئابووری و سیاسی ئاماژەی پێ دەکرێت.[171]

بە شێوەیەکی گشتی گەشتنامەکان دابەش دەبنە سەر سێ گروپ، یەکەم؛ ئەو گەشتنامانەی لە لایەن "گەڕیدەی پیشەیی" نووسراوە کە هەم ئەمانەت و وردەکاریان پاراستووە و هەم گێڕانەوەکانیان سەرنجڕاکێشە. دووەم؛ کەسانێك کە پیشەیان گەڕیدەیی نەبووە و تەنیا ویستوویانە گێڕانەوەیەك بۆ یادگاری بەجێ بهێڵن. سێیەم؛ ئەو گەشتنامانەی کە پاشا و کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ تۆمارکردنی "بوونی مێژوویی" خۆیان لە قۆناغێکی دیاریکراودا نووسیویانە و تێیدا "من"ی نووسەر تەوەری سەرەکی گێڕانەوەکانە.[172]

لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونێکیش هەیە پێی وایە سەرباری لێکچوون و هاوبەشییەکانی نێوان بیرەوەری و گەشتنامە، بەڵام جیاوازییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەیە؛ لە گەشتنامەدا مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی کە دەنووسرێت و نووسەر دەیگێڕێتەوە، بیرەوەری بێت، بەڵکو بەزۆری بابەتگەلی نابیرەوەریشیان تێدایە. بەم مانایە گەشتنامە "ڕاپۆرتی گەشت"ە و زۆرجار گەڕیدە و نووسەر باس لە کۆمەڵێك بابەتی وەك گرنگی گەشتەکەی، ئامانج و جێمەبەستی گەشت، زانیاری سەبارەت بە بینا و ئەو شوێنانەی کە دەیبینێت دەخاتەڕوو، ئەمە سەرباری بیرەوەری و یاداشتەکانی سەبارەت بە شێواز و چۆنێتی گەشتەکەی. لە کاتێکدا ئەگەر بیویستایە تەنیا بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە پێویستی بە ئەم زانیاریانە نەدەکرد. بۆیە بۆچوونێك پێی وایە چەمکی "ڕاپۆرت" نزیکترە لە گەشتنامە تاوەکو بیرەوەری.[173]سەبارەت بە جیاوازی لەگەڵ یاداشتدا، گەشتنامەکان بەو پێیەی بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغ و هەلومەرجێکی تایبەتدا نووسراوون، ئەو بەردەوامی و وێناکردنە نابەخشێت کە یاداشتەکانی ڕۆژانە بە خوێنەری دەدەن و خوێنەر بە ئاسانی ناتوانێت لە بیرکردنەوەی گەشتیار، لایەنی دەروونی و قوڵایی ڕووداوەکان تێ بگات.[174]

## 2-2-2 نامەی کەسی

نامەی کەسی (Personal letter)[175]: "جۆرێکە لە نامە (یان نووسراوێکی نافەرمی) بە زۆری پەیوەندی بە بابەتە کەسییەکانەوە هەیە (لە دەرەوەی بابەتی پیشەیی) و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەنێردرێت. درێژترە لە پارچە یاداشتێك یان بانگهێشتنامە و زۆرجار دەستنووسە و لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێردرێت.[176] بەشێوەیەکی گشتی نامەی کەسی بریتیە لە نووسراوێك بۆ کەسێکی تایبەت و دیاریکراو.[177]

---

(170) حسني محمود حسين، أدب الرحلة عند العرب، الطبعة الثانية، دار الاندلس للطابعة و النشر و التوزيع، 1983، بيروت، صص 6-8.
(171) فرامرز آقابيگى، كرد در سفرنامەها (از صفوى تا پايان پهلوى)، انتشارات ايران شناسى، تهران، 1400، ص 16.
(172) صدرالدين الهى، "يك قرن در آينه دو كتاب"، فصل نامه ايران نامه، سال چهاردهم، شماره 4، پائيز 1375، صص 562-563.
(173) غلامرضا كرباسچى، "بخش خاطرات: فصل اول: خاطرەشناسى"، نشريه ياد، شماره 11، تابستان 1367، صص 37-38.
(174) صدرالدين الهى، همان، ص 563.
(175) لێرەدا مەبەست لە نامەی کەسی وەك یاداشت، ئەو نامانەیە کە لە ناوەرۆکدا خاوەنی تایبەتمەندییەکانی پێناسەی چەمکی بیرەوەری و یاداشتن، بەپێچەوانە بەشێك لە نامەکان سەرەڕای ئەوەی کە کەسین بەڵام دەچێتە ڕیزی بەڵگەنامەکانەوە. بڕوانە: جهانگير قائم مقامى، مقدمەيى بر شناخت اسناد تاريخى، انتشارات انجمن آثار ملى، تهران، 1350، ص 42؛ عليرضا مولائى توانى، همان، صص 116-117.
(176) Richard Nordquist, “A Look at Personal Letter Writing”, https://www.thoughtco.com/personal-letter-composition-1691499, accessed: 5/2/2020.
(177) فرهنگ دانشگاه كردستان، فارسي – كردى (سه جلدى)، "نامه"، ص 2297.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هاوشێوەی بیرەوەری و یاداشت، نامەی کەسی لە سەدەی ١٨-ەوە وەك فۆرمێکی باوی "پەیوەندی کەسیی نووسراو" دەرکەوت و پەرەی سەند. لێرە بەدواوە و لە ئەوروپا بەهۆی بەردەستبوونی زیاتری کاغەز، گەشەسەندنی بەرچاوی ڕێژەی خوێندەواری دواتر دەرکەوتنی سیستماتیکی ناردنی پەیام و دامەزراندنی پۆستە، نامەنووسین زیاتر برەوەی پێ درا.[178]

یاداشت و نووسینە کەسییەکانی وەکو نامە و بیرکردنەوەکان (مفکرات) کە خاوەنەکانیان بە مەبەستی بڵاوکردنەوە نەیانووسیوە، بە هۆی پەردەلادان لەسەر کۆمەڵێك ڕووداو، زانیاری وردتر لەسەر ڕووداوەکان و ڕاشکاوی لە گێڕانەوەکاندا وەك ئەوەی لە بەڵگەنامە و تۆمارە گشتییەکان دەبینرێت، سەرچاوەیەکی زۆر گرنگن بە تایبەتی لە نووسینی ژیاننامەی کەسایەتییەکان.[179] هەر بۆیە بە بۆچوونێك "قسە گرنگەکان، قسەی نامەکانن"، چونکە لە نامەی کەسیدا، نووسەر بەبێ ئەوەی فشار و کۆتبەندییەکی لەسەر بێت، ئازادانە و ڕەها قسەی خۆی دەکات. لە نامەکاندا دەردەکەوێت خاوەنی نامە چۆن بووە، چۆن بیری کردووەتەوە، چۆن ژیاوە و خەم و خەیاڵی چۆن بووە.[180] ئەم تایبەتمەندییەش وایکردووە بەڕای بەشێك لە لێکۆڵەران، نامە تایبەت و کەسییەکان بە هۆی ڕەسانەیەتی، هاوچەرخبوونیان لەگەڵ ڕووداوەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خاوەنی نامە لەگەڵ ئەو دۆخەی کە تێیدا ژیاوە، بخەنە چوارچێوەی "بەڵگەنامەی مێژوویی"ەوە و نرخ و بەهای ئەم جۆرە سەرچاوانەیان پێ بدەن.[181]

گرنگی و کارکردی نامەی کەسی لە چەند خاڵێکدا خۆی دەردەخات:

1. ناسینی کەسایەتییەکان؛ ئەگەرچی جۆرەکانی دیکەی بیرەوەری، بەپێی تایبەتمەندی خۆیان دەتوانن بیروباوەڕ و چالاکییە سیاسییەکانی نووسەر و کەسایەتییەکان دەربخەن، زیاتر لە جۆرەکانی تری بیرەوەری، زانیاریمان سەبارەت بە حەز و مەبەستە شارەکانی نووسەر دەردەخەن.[182] زۆرینەی نامە کەسییەکان لە کاتی نووسینیدا بڕیارێك نەبووە کە بڵاو بکرێنەوە و گفتگۆیەکی دوو قۆڵی نێوان نێرەر و وەرگری نامەکان بووە.[183]
2. تێگەیشتن لە ڕەوتی ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکان؛ هاوشێوەی گرنگی یەکەم، هەندێ جار بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە باسنەکرا و پشت پەردەکانی ڕووداوێکی مێژوویی کە لە سەرچاوە و بیرەوەرییەکانی تر باس نەکراون، نامەکان دەتوانێت ڕۆشنگەری بکەن و یارمەتیدەرێ باش بن بۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتێکی مێژوویی.[184]
3. بەهۆی گۆڕانکارییە حەتمییەکانی ژیان، بەشێك لە ئەندێشە و بەها کۆمەلایەتی و کولتوورییەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت و تەنانەت فەرامۆش دەکرێن، کە بڕێك جار نامەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کولتووری و کۆمەلایەتین لە ئاماژەدان بەو بابەتانەی کە بەرەو فەرامۆشی چوون.[185]
4. ناسینی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی نووسەر؛ نامە کەسی و تایبەتەکان دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگ بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی خاوەن نامەکان و بەتایبەتی تێگەیشتن لە دیوە دەروونی و کەسایەتییە شاراوەکەی.[186] هەر بۆیە نامەکان هاوشێوەی یاداشتەکان و زیاتریش، "ڕاستەوخۆترین" ئامرازن بۆ دەرخستنی لایەن و دەیوە شاراوەکانی ناخی نووسەر و جیاواز لە جۆرەکانی دیکەی بیرەوەری، کەمترین بیرکردنەوە، وەستان و هەڵوەستەکردن، دەستتێبردن و پێداچوونەوەی تێدا ڕوو دەدەن.[187] تەنانەت زۆرجار دەروونناسان و کۆمەڵناسان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی دەروونی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کەسایەتییە مێژووییەکان پەنا بۆ بەڵگەنامە کەسییەکان وەك وێنە، وتار، تۆماری دەنگی و بە تایبەتی نامەکانیان دەبەن.[188]
5. نامە کەسییەکان بە هۆی تایبەتمەندییەکانی، کەمتر گومان دەکرێت نووسەرەکەی پەنای بۆ زێدەڕۆیی، خۆهەڵکێشان یان کینە و بوغزی کەسی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ڕۆڵی خۆی بردبێت.[189]

---

[178] Richard Nordquist, Ibid.

[179] أحمد بدر، مصدر السابق، صص 253-254.

[180] بوشرا کەسنەزانی، ئێتر لە دەرگا نادات، پۆستەچی!، ل 7-8.

[181] جهانگیر قائم مقامی، روش تحقیق در تاریخ نگری، انتشارات دانشگاه ملی ایران، تهران، 1358، ص 84.

[182] محمود روح الامینی، "ارزش تاریخی و اجتماعی نامەهای خصوصی"، https://bit.ly/3R0bPEh، تاریخ دسترسی: 2022/8/21.

[183] بوشرا کەسنەزانی، ئێتر لە دەرگا نادات، پۆستەچی!، کتێبی نامەکان، کتێبی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران، 2014، ل 13.

[184] محمود روح الامینی، همان.

[185] محمود روح الامینی، "ارزش تاریخی و اجتماعی نامەهای خصوصی"، همان.

[186] نصرالله امامی، "زندگینامه نویسی، شیوه و تاریخچه"، مجله نشر دانش، شماره 58، خرداد و تیر 1369، ص 46.

[187] محمد حسین صنعتی، همان، ص 117.

[188] محمود روح الامینی، "ارزش تاریخی و اجتماعی نامەهای خصوصی"، همان.

[189] محمود روح الامینی، نمودهای فرهنگی و اجتماعی در ادبیات فارسی، نشر آگه، تهران، 1375، ص 22.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەبارەت بە ژانری نامە و بەتایبەتی نامەی کەسی، لەنێو جۆرە جیاوازەکانی بیرەوەری و یاداشتدا، هاوشێوەی گەشتنامەکان، نزیکایەتی زۆری لە ژانری ئەدەبی هەیە تا ئەو ڕادەیەی کە بەپێی بۆچوونێك "هەموو دەقی ئەدەبی لە شێوەی زنجیرەیەك لە نامەکان دەبێت".[190] بە واتایەکی تر، نامەکان "دەق"ن و دەچنە چوارچێوەی دەقی "ئەدەبی" یان "نیمچەی ئەدەبی" و لە ڕووی جۆری پەیوەندییەوە دوو جۆری سەرەکین: نامەی نێوان دوو کەس و هاوڕێی زۆر نزیك، نامەی نێوان دوو کەسی دوور و پەیوەندییەکی فەرمی.[191] یان دەچنە چوارچێوەی ئەدەبی پەخشان و دابەش دەکرێنە سەر دوو جۆری نووسراو (پەخشان) و سەرزاری (شیعر ئامێز).[192] لە دابەشکارییە گشتییەکان بۆ جۆرەکانی نامە، نامەکان بۆ دوو جۆ 1. نامەی گشتی 2. نامەی تایبەتی (کەسی) یان سێ جۆری: 1. نامەی فەرمی 2. نامەی هاوڕێیەتی 3. نامەی ئەدەبی دابەش کراوون.[193]

لە دابەشکارییەکی باودا، نامەکان بەگشتی بریتین لە: 1. نامەی فەرمی، بە نامەی "سیاسی"ش ناو دەبرێت کە نامەی دەوڵەتداران و کەسایەتییە حکومی و سیاسییەکان دەگرێتەوە. ئەم جۆرە نامانە لایەنی ئەدەبی و هونەریان نییە یان زۆر لاوازە. 2. نامەی نافەرمی، نامەنووسینی نێوان نووسەر، هاوڕێ، ئەندامانی خێزان و بەشێوەیەکی گشتی کەسەکان دەگرێتەوە، زمانێکی ئەدەبی و دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی نامەنووسی تێدایە.[194]

لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازییەکی وردی نامە لەگەڵ یاداشت، لەوەدایە کە بەردەنگی نامەکان کەسێکی دیکەیە و نامەکان ئاڕاستەی کراوە، بەڵام لە یادداشتەکاندا خودی نووسەر بەردەنگە.[195]

**3-2-2 ڕووداونامە (ڕووداونووسین)**

ڕووداونووسین (chronicle) ، تۆماری ساڵانەی ڕووداوە مێژووییەکانە بە شێوەی یەك لەدوای یەك.[196] تۆمارکردنێك لە لایەن کەسێکەوە دەنووسرێت کە بینەر و شایەتحاڵی ڕووداوەکان بووە.[197] لەم شێوازەی نووسینەوەی مێژوودا، بەڕای بەشێك لە لێکۆڵەران دەچێتە خانەی بیرەوەرییەوە و لە یاداشت نزیکترە، ڕووداوە "زۆر گرنگەگان" تۆمار دەکرێن، بە شێوەیەك کە نووسەر دەکەوێتە پشت پەردەوە و هەوڵ دەدات کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی "غەیرە کەسی" بنووسێتەوە. هەر بۆیە لە دەقەکەدا، بوونی نووسەر لە ڕووداوەکان زۆر بە کەمی هەستی پێ دەکرێت. لەم ڕووەوە ڕووداونووسین زیاتر لە هەموو جۆرەکانی دیکەی بیرەوەرینووسین، لە "مێژوونووسین"ەوە نزیکە بەو پێیەی کە گێڕەوە "کەسی سێیەمی تاك"ە.[198]

بەدوای یەکدا هاتنی کاتیی لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان بەبێ ئەوەی نووسەر شیکاری و لێکدانەوەیان بکات، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانە.[199] لەگەڵ ئەمەشدا هاوشێوەی جۆرەکانی دیکەی بیرەوەری، ڕووداونووسین کەرەستەی مێژوونووسینە نەك خودی مێژوونووسین.[200]

نموونەی ئەم شێوازە لە تۆمارکردنە بۆ سەردەمی یۆنان و ڕۆمای کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام ناسراوترینیان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ڕێنێسانس کۆ کراوەتەوە کە لە شێوەی پەخشان و بەیت (شیعر) نووسراون و زانیاری بەنرخیان سەبارەت بەو قۆناغەی کە دەیانگرێتەوە تێدایە.[201]

---

(190) ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الادبية، التعاضدية العمالية للطابعة و النشر، الجمهورية التونسية، 1986، ص 318.
(191) بوشرا کەسنەزانی، ئێتر لە دەرگا نادات، پۆستەچی، ل 14.
(192) کەمال ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)، ئەدەبی نامەنووسی کوردی، جزمی 1، دەزگای چاپ و بڵاوکدنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 49.
(193) حەمە مەنتك، سەرچاوەی پێشوو، ل 132.
(194) بڕوانە: حەمە مەنتك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 132-135.
(195) محمد حسين صنعتی، همان، ص 117.
(196) احمد اشرف، "سابقه خاطرەنگاری در ايران"، مجله ايران نامه، سال پانزدهم، شماره 1، زمستان 1375، ص 13.
(197) حسن حضرتی، همان، ص 45.
(198) احمد اشرف، "سابقه خاطرەنگاری در ايران"، ص 13.
(199) Britannica, “chronicle”, https://www.britannica.com/art/chronicle-literature, accessed: 4/7/2022.
(200) لەم بارەیەوە بڕوانە: حسن حضرتی، همان، صص 44-46.
(201) Britannica, “chronicle”, Ibid.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**5-3-2 ڕاپۆرت**

ڕاپۆرت (Report) لە ئێستادا و بە شێوەکی گشتی زیاتر بۆ ئەو نووسینانە دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبێتەوە، بۆ شێوازی جیاواز بەڵام نزیك لە یەك دابەش دەبێت کە بەشێکیان لە بیرەوەری و بەتایبەتی لە یاداشتەوە نزیکن. ڕاپۆرتنووسین بە بەراورد بە بیرەوەری گشتگیرترە، چونکە جیا لە بیرەوەری، بابەتی دیکەش لە خۆ دەگرێت، بەڵام هەندێك جاریش لەسەر بنەمای بیرەوەری دەنووسرێتەوە.[202]

ڕاپۆرت لەو پێناسەیەی کە بریتییە لەو شتانەی کە ڕاپۆرتنووس دەیبینێت و دەیبیستێت، لە بیرەوەی و یاداشتەوە نزیکە، بەڵام جیاوازییەکی سەرەکیان لە چۆنێتی و ئامانجی ئامادەکردنیانە؛ ڕاپۆرتنووسین بەگشتی بە مەبەستێکی دیاریکراو، پلانی پێشووتر و ئاگاداربوون و ویستەوە ئامادە دەکرێت، بە تایبەتی کە ئەم ویستە بە داواکاری یان فەرمانی کەسێکی تر یان لایەنێکی تر بێت، بە واتایەکی تر ئەنجامدانی ئەرکێکە کە ڕاپۆرتنووس پێی ڕادەسپێردرێت. لێرەدا ڕاپۆرتنووسین بە پێچەوانەوەی بیرەوەری، لە کۆمەڵێك چوارچێوە و نۆرمی تایبەت پەیرەوی دەکات و ئەزموون و ئامادەیی نووسەر لە بەکارهێنانی چوارچێوەکان بۆ ئامادەکردنی دەقێکی کاریگەر و ناوەڕۆکێکی بەهێز ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام ئەمە بۆ بیرەوەرنووس مەرج نییە، لەوانەیە بیرەوەرینووس جگە لە بیرەوەرییەکانی، شتێکی تر نەنووسێت و گۆیرایەڵی ڕێبازێکی دیاریکراوی نووسین نەبێت.[203] بە مانایەکی تر بیرەوەرینووس لە تۆمارە تایبەت و کەسییەکەی تا ڕادەیەکی زۆر، سەربەستە لەوەی چی دەگێڕێتەوە و چۆنی دەگێڕێتەوە، هەروەها چ لە شێواز و ڕێبازی نووسین و چ لە ناوەڕۆکدا قۆڵبەستی فۆرم و شێوازێکی تایبەتی نووسین نییە.

بە دیویکی دیکەدا بیرەوەری بەرهەمی کارلێکەری و کردەکانی بیرەوەرینووسە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، گێرانەوەیەکە بە پێچەوانەی ڕاپۆرتنووس، تەنیا گواستنەوەی بینراو و بیسراوەکان نییە، بەڵکو دەرخەری کردار و ئەندێشەکانی بیرەوەرنووسیشە.[204] کەسێك کە ڕاپۆرت دەنووسێت، وەسفی ڕووداوێك دەکات و جیاوازییەکەی لەگەڵ یاداشتدا لە تەوەری بوونی خودی نووسەرە؛ یاداشتنووسین لەسەر بنەمای خودی یاداشتنووسە، بەڵام لە ڕاپۆرتدا میحوەری بابەتەکە، کەسانی دیکەن. هەرچەندە ئەم جیاوازییە ڕێژەییە، هەندێك جار ڕاپۆرت دەتوانێت تایبەتمەندی یاداشتی هەبێت و باسی ڕووداوی دەرەکی بکات، یان ڕاپۆرتنووس جیا لە ئەرکەکەی خۆی، بەجیا یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی بنووسێتەوە.[205]

بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی کە بۆ ڕاپۆرت باس کرا و بەتایبەتی ئەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن دەسەڵاتێکی سیاسی، حکومەت، یان کەس و لایەنێکی دیاریکراو لە ئەنجامی ڕاسپاردنی کەس یان کەسانێك ئامادە دەکرێت و پێشکەشی لایەنی سپاردەکەر دەکرێت، ئەوا ئەم جۆرە لە سەرچاوەی مێژوونووسین، دەچێتە خانەی بەڵگەنامە فەرمییە حوکمییەکانەوە.[206]

---

[202] فرهنگنامه ادب فارسی، جلد 2، ص 544.
[203] علیرضا کمری، با یاد خاطره، ص 85.
[204] علیرضا کمری، با یاد خاطره، صص 84-85.
[205] علیرضا کمری، "یادنوشت"، ص 17.
[206] شوقی الجمل و عبدالله عبدالرزاق، الوثائق التاريخية (دراسة تحليلية)، المكتب المصرى لتوزيع المطبوعات، القاهرة، 2001، صص 7-8؛ فريد بن سليمان، مصدر السابق، صص 42-43؛


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## ئەنجام

1. دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیر و ڕێککەوتنکراوی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بۆ چەمکەکانی بیرەوەری و یاداشت ئاسان نییە؛ فرەڕەهەندی و فرەکایەیی ئەم دو چەمکە، جیا لە بەکارهێنانیان لە زمانە جیاوازەکان و بە تایبەتی لە کاتی وەرگێڕانیاندا لە زمانەکانی وەك ئینگلیزی، هاتووچۆی ئەم دوو چەمکە لە نێوان دوو کایەی سەرەکیی ئەدەبیات و مێژوو، هۆکارەکانی ئالۆزی و فرەپێناسەیی ئەم دوو چەمکەن.
2. بیرەوەری گێڕانەوە و دەقێکی کەسییە و ئەمە دیارترین تایبەتمەندی بیرەوەرییە؛ بیرەوەری بەرهەمی حەز و ئیرادەی نووسینی بیرەوەرنووسە و تۆمارێکی نووسراوە کە تێیدا شوناس، جیهانبینی، دیدگا و حەز و ئاواتەکانی بیرەورنووس ڕەنگ دەداتە، ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییەی بیرەوەری و یاداشت، خاڵی جیاوازییە لە جۆرەکانی وەك بیۆگرافی، ڕاپۆڕت، ڕووداونووسین کە ئیرادە و شوناسی خاوەنەکانیان بەتەواوی دەرناکەوێت.
3. هەر بیرەورییەك خاوەن دوو ڕەهەندی سەرەکییە کە لە پەیوەندی دەروونی مرۆڤ (زەین و هەست و سۆز) لەگەڵ جیهانی دەرەوەی مرۆڤ (کات، شوێن، ڕوودا و دیمەن) دێتەکایەوە. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات کە واقعییەت بەو شێوەیەی کە ڕوویداوە لە بیرەوەرییەکان ڕەنگ نەداتەوە، بەتایبەتی کە پرۆسەی تۆمارکردن و بەبیرهێنانەوەی بیرگەش ڕێگرە لە گێڕانەوەی دەقاودەقی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو.
4. بیرەوەری کارکردێکی دوو لایەنەی هەیە؛ بە دیوێکدا دەرخەری ناخی بیرەوەرینووسە و لایەنە دەروونی و دەرەکییەکانی کەسایەتی بیرەوەرینووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناسینی کەسایەتی بیرەوەرینووس. بە دیوێکی تردا، ئەو مەجالە بە خوێنەر دەدات کە بەرداشتی جیاواز لە بیرەوەرینووس و ڕاڤە و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی بۆ دەقی بیرەوەری هەبێت.
5. بیرەوەری لە شێوەی یاداشت-دا، بەرهەمی ئەو ژینگە و ڕۆژگارەیە کە یاداشتنووس تێیدا ژیاوە بە هەمان هەست و بیرکردنەوەی کاتی تۆمارکردنی ڕووداوەکان. لە شێوەی بیرەوەری ماوەداردا، بە هەمانشێوە و تا ڕادەیەکی زۆر، بەرهەمی ئەو کاتەی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانە بە ڕەچاوکردنی دۆخی دەروونی و دەرەکی و بەرژەوەندییەکانی بیرەوەرینووس.
6. بە هۆی تایبەتمەندیی دەق و شێوازی تۆمارکردنیان، بیرەوەری و یاداشت بە ڕەهایی ناچنە چوارچێوەی ژانر و کایەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو لە نێو کایە جیاوزەکان و بەتایبەتی ئەدەبیات و مێژوودا هاتووچۆ دەکەن.
7. دابەشکردنی جۆرەکانی بیرەوەری ویاداشت هاوشێوەی پێناسەکردنیان گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە؛ بەڵام لە دابەشکردنێکی گشتیدا و لەسەر بنەمای کاتیی تۆماری بیرەوەری و مەودای لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتەکان، بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن: 1. بیرەوەری (بیرەوەری قۆناغیی و خودژیاننامە) کە بە مەودای چەند ڕۆژ و بۆ چەند ساڵی دوای ڕووداوەکان تۆمار دەکرێن 2. یاداشت (گەشتنامە، نامەی کەسی ) کە بە ماوەیەکی کەم و بە زۆری لە هەمان ڕۆژدا تۆمار دەکرێت.
8. بیرەوەری و یاداشت سەرەڕای خاڵە هاوبەشەکانیان، بەڵام جیاوازییەکی سەرەکیان لە شێواز و چۆنییەتی تۆماری بەسەرهاتەکان هەیە. لە بیرەوەری، بیرەوەرینووس ڕەچاوی دۆخی هەنووکەیی خۆی و بەرژەوەندییە کەسی و گشتییەکانی لە گێڕانەوەکەیدا دەکات، لە کاتێکدا یاداشت بە هۆی خەسڵەتی نووسینەوە لە نزیکترین ماوەدا، کەمتر تووشی بەرژەوەندیخوازی و لێکدانەوەی یاداشتنووس دەبێتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**کتێب**


- أبوبكر هتهات، "مقتطفات من تاريخ المنطقة الثانية الولاية السادسة من خلال مذكرات"، مجلة تاريخ العلوم، السنة الخامسة، عدد 12، جانفي 2019.
- احمد اخوت، "ادبيات وامدار واقعيت است"، گفتگو ساجده سليمى با احمد اخوت، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400.
- احمد اخوت، نقش هايى به ياد (گذرى بر ادبيات خاطرەنويسى)، چاپ چهارم، نشر گمان، تهران، 1395.
- ايرج اسكندرى، خاطرات ايرج اسكندرى، تدوين و ويرايش: عبدالله شهبازى، چاپ اول، مؤسسه مطالعات و پژوهشهاى سياسى، تهران، 1372.
- برايان د. آزبون و ريچارد ساير، چگونه زندگينامه بنويسيم، ترجمه: محسن سليمانى، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران، 1393.
- بوشرا کەسنەزانی، ئیتر لە دەرگا نادات، پۆستەچی!، کتێبی نامەکان، کتێبی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران، 2014.
- پرويز راجى، در خدمت تخت طاووس (يادداشتهاى روزانه آخرين سفير شاه در لندن)، ترجمه: حسن كامشاد، چاپ دوم، انتشارات طرح نو، تهران، 1381.
- جهانگير قائم مقامى، روش تحقيق در تاريخ نگرى، انتشارات دانشگاه ملى ايران، تهران، 1358.
- جواهر نعل نهرو، زندگى من، ترجمه: محمود تفضلى، چاپ چهارم، انتشارات اميركبير، تهران، 1361.
- جورج ماى، السيرة الذاتية، تعريب: محمد قاضي و عبدالله صولة، رؤية للنشر و التوضيع، القاهرة، 2017.
- الجوهرة بنت عبدالرحمن المنيع، الرحلات العربية مصدر من مصادر التاريخ (المملكة العربية السعودية) في الفترة (1338هـ – 1373هـ / 1920م – 1953م)، مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض، 1431هـ/ 2010م.
- جهانگير قائم مقامى، مقدمەيى بر شناخت اسناد تاريخى، انتشارات انجمن آثار ملى، تهران، 1350
- چنگيز پهلوان، نگاهى گذرا به خاطرەنويسى در ايران، در كتاب: گروهى از نويسندگان، در زمينەى ايران شناسى، به كوشش چنگيز پهلوان، انتشارات بەنگار، تهران، 1370.
- حسني محمود حسين، أدب الرحلة عند العرب، الطبعة الثانية، دار الاندلس للطابعة و النشر و التوزيع، 1983، بيروت.
- حەمە مەنتك، چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، چاپخانەی مەم و زین، 2019.
- ڕێبوار سیوەیلی، نووسین و بەرپرسیاری، چاپی دووەم بە دەسکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006.
- ژيلا مشيرى، پيشگفتار، خاطرات مردم شناسان ايران، به كوشش ژيلا مشيرى، نشر افكار، 1385.
- سلمان رشدي، جوزف أنطون (سيرة ذاتية)، ترجمة: أسامة اسبر، منشورات الجمل، 2020.
- سيروس شمسيا، انواع ادبى، ويرايش چهارم، نشر ميترا، تهران، 1386.
- سەلام ناوخۆش، هیچ کاتێ نیشتمان هی هەمووان نەبووە، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی، تاران، 2021.
- سەنگەر زراری، هونەری ژیاننامە، نووسینگەی تەفسیر، 2019.
- شوقى الجمل و عبدالله عبدالرزاق، الوثائق التاريخية (دراسة تحليلية)، المكتب المصرى لتوزيع المطبوعات، القاهرة، 2001.
- عبدالحسين زرين كوب، تاريخ ايران بعد از اسلام، انتشارات اميركبير، تهران، 1383.
- عبدالعزيز شريف، أدب و السيرة الذاتية، مكتبة لبنان و الشركة العالمية للنشر- لونجمان، الجيزة، 1992.
- عليرضا كمرى، با ياد خاطره (درآمدى بر خاطرەنويسى و خاطرەنگاشتەهاى پارسى در تاريخ ايران)، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران، 1389.
- عليرضا كمرى، يادمانا (پنج مقاله درباره خاطرەنويسى و خاطرەنگاشتەهاى جنگ و جبهه، دفاع مقدس)، انتشارت سوره مهر، تهران.
- عليرضا مولائى توانى، درآمدى بر روش پژوهش در تاريخ، نشر نى، تهران، 1386.
- غلامحسين يوسفي، ديدارى با اهل قلم (درباره بيست كتاب نثر فارسى)، جلد 2، مؤسسه چاپ و انتشارات داشگاه مشهد، 1357-1358.
- فرامرز آقابيگى، كرد در سفرنامەها (از صفوى تا پايان پهلوى)، انتشارات ايران شناسى، تهران، 1400.
- فريدون آدميت، "در تفكر تاريخى و روش تحقيق"، دو ماهنامه بخارا، سال يازدهم، شماره 4 (پیاپی 65)، ارديبهشت 1387.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2006.
- کەمال ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)، ئەدەبی نامەنووسی کوردی، جزمی 1، دەزگای چاپ و بڵاوکدنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004.
- گروهی از نوسیندگان، خاطره و گفتمان جنگ، به اهتمام فرهاد ساسانی، انتشارات سوره مهر، تهران، 1387
- محسن حسام منظوری، خطر سقوط بهمن (سه مقاله درباره خاطرات جنگ)، نشر آرما، اصفهان، ص 19.
- محمد حسین صنعتی، آشنایی با ادبیات دفاع مقدس، نشر صریر، تهران، 1389.
- محمد ولی میرزا فرمان فرماییان، از روزگار رفته حکایت (سفرهای سیاسی)، جلد اول، به کوشش: منصور اتحادیه (نظام مافی) و بهمن فرمان، کتاب سیامك و نشر تاریخ ایران، تهران، 1382، ص 17.
- محمود روح الامینی، نمودهای فرهنگی و اجتماعی در ادبیات فارسی، نشر آگه، تهران، 1375.
- مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، تاریخ شفاهی و جایگاه آن در تاریخ نگاری معاصر ایران 1385-13858، نشر پژوهشکده تاریخ اسلام، تهران، 1394.
- ن. آ. یروفەیف، تاریخ چیست؟، ترجمه: محمد تقی زاده، تهران، 1360.
- النا آندری یوا، روسیه و ایران در بازی بزرگ (سفرنامەها و شرق گرایی)، ترجمه: الهه کولائی و محمد کاظم شجاعی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، 1388.
- ناصر ایرانی، داستان: تعاریف، ابزارها، و عناصر، کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان، تهران، 1364.
- نیعمە قەرەنی ئیسماعیل، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.
- یحیی ابراهیم عبدالدایم، الترجمة الذاتیة فی الادب العربی الحدیث، دار احیاء التراث العربي، بیروت، دون سنة.
- David G. Myers, Psychology, Ninth edition, New York, 2010.
- M. H. Abrams and Geoffrey Galt Harpham, A Glossary of Literary Terms, tenth edition, Cengage Learning, Wadsworth, 2012.


**کتێبی فەرهەنگ**


- ئەمین گەردیگلانی، فەرهەنگی ڕێژنە (کوردی- کوردی- فارسی)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2009.
- ابراهیم فتحي، معجم المصطلحات الادبية، التعاضدية العمالية للطابعة و النشر، الجمهورية التونسية، 1986.
- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (کوردی-ئینگلیزی)، بەرگی یەکەم: پیتی (ئ) تا کۆتایی (جێ)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2004.
- حەمە ڕەشیدقەرەداخی، فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی-کوردی)، نەشری ئیحسان، تەهران، 2006،
- سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی (ویرایش جدید)، واژەنامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپائی (تطبیقی و توضیحی)، انتشارات مروارید، 1378.
- سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی-کوردی، کوردی-ئینگلیزی)، چاپی پێنجەم، 2006.
- شەفیق قەزاز، فەرهەنگی شارەزوور کوردی-ئینگلیزی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2000، ل 577.
- علی اکبر دهخدا، لغت نامه دهخدا، جلد 6، زیرنظر: محمد معین و سید جعفر شهیدی، چاپ دوم از دوره جدید، مؤسسه چاپ و انتشارات دانشگاه تهران، تهران، 1377.
- فرهنگ دانشگاه کردستان، فارسی – کردی (سه جلدی)، به سرپرستی: ماجد مردوخ روحانی، جلد سوم، انتشارات دانشگاه کردستان، 1385.
- فرهنگنامه ادب فارسی (دانشنامه ادب فارسی)، اصطلاحات، موضوعات و مضامین ادب فارسی، به سرپرستی حسن انوشه، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی؛ سازمان چاپ و انتشارات، تهران، 1376.
- گیوی موکریانی: فەرهەنگی کوردستان، بەرگی یەکەم، پێداچوونەوە و زێدەکردنی: کوردستان موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.
- موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2012.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- نەوزاد ئەحمەد ئەسود، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2011.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران، 2015.

- A. S. Hornby, “memoir”, Oxford Advanced learners Dictionary of current English, Edit by Sally Wehmeier, Seventh edition, Oxford University Press.
- Ali Jawshani, Kurdistanica Dictionary (English-Kurdish-Persian), Volume One, First Edition, Mang Publication, 2015.
- Dictionnaire Larousse Mini, “memoire”, Paris, 2008.
- e Robert Micro Poche, Dictionnaire De La Langue Francaise, “memoire”, redaction dirigee par: Alain Rey, Nouvelle edition (1988), PARIS, 1993.
- Merriam-Websters Collegiate dictionary, eleventh Edition, Merriam-Webster, Incorporated, Massachusetts, 2005.

**توێژینەوەی ئەکادیمی**

- لاله آتشی و علی رضا انوشیروانی، "نقد فضای گفتمان استعماری در سفرنامه های زنان غربی"، فصلنامه نقد ادبی، سال 5، شماره 20، زمستان 1391.
- مجید رستگاری و دیگران: "بررسی تطبیقی زاویۀ دید در رمان امّ سعد غسّان کنفانی و خاطرات دا زهرا حسینی"، فصلنامه کاوش نامه ادبیات تطبیقی، دوره دوازدهم، شماره (پیاپی43)، تابستان 1401، ص 69.
- محبوبه شمشیرگرها: "دلالت های چندگانه، چالشی برای مطالعات خاطرهشناختی"، فصلنامه پژوهش های تاریخ شفاهی، دوره جدید، دوره 1، شماره 1، 1400، ص 91.
- محبوبه شمشیرگرها، "تك خاطره و مجموعه تك خاطرات فارسی؛ گونه‌ای از زندگی نوشت های شخصی خاطره‌محور"، دوفصلنامه ادبیات پارسی معاصر، سال دهم، شماره دوم، پاییز و زمستان 1399.
- محبوبه شمشیرگرها، "انواع زندگی نوشت¬های فارسی"، فصلنامه ادبیات پارسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی وه مطالعات فرهنگی، سال هشتم، شماره اول، بهار و تابستان 1397.
- محمد غربي، "دور المذكرات الشخصية في ترسيخ التاريخ الجزائري"، مجلة الحوار متوسطي، المجلد العاشر، العدد 1، مارس 2019.
- محمدرضا ایروانی، "نگاهی به خاطره‌نویسی و مقایسه آن با زندگی نامه و سفرنامه"، مجله زبان و ادبیات فارسی، سال 3، شماره 8، پاییز 1386.
- محمود بیات، "جایگاه خاطره‌نگاری در فهرست اسناد روابط خارجی"، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره 24 و 25.
- مرتضی نورائی و مهدی ابوالحسنی ترقی، "مقایسه تحلیلی خاطره‌نگاری با تاریخ شفاهی"، فصلنامه گنجینه اسناد، سال بیستم، دفتر چهارم، زمستان 1389.

- Gabriel Motzkin, “Memoirs Memory, and Historical Experience”, Science in Context, Volume 7, Issue 1, Spring 1994.
- Marijke Huisman and Marleen Rensen, “Introduction: Life Writing and European Identities”, International Journal for History Culture and Modernity, vol. 7, November 2019.
- Michelle M. Dowd and Julie a. Eckerle , “recent Studies in Early Modern English Life Writing”, English Literary Renaissance , Vol. 40, No. 1, Winter 2010.
- Rudolf Dekker, “Reviews Encyclopedia of Life Writing”, The European Legacy, Vol. 9, No. 5, 2004.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- Shirley Lim, "Embodied Memory and Memoir", Biography, Volume 26, Number 3, Summer 2003.

**گۆڤار**

- احمد اشرف، "سابقه خاطره‌نگاری در ایران"، مجله ایران نامه، سال پانزدهم، شماره 1، زمستان 1375.
- اصغر نوری، "خاطره واگویی تجربه‌های زیستی"، گفتگو پروانه کاوسی و اصغر نوری، ماهنامه آزما، شماره 163.
- پل ریکور، "خاطراه، تاریخ، فراموشی"، نشریه گفتگو، شماره 8، تابستان 1374.
- سها دادمند، "خاطره و ابزارهای ثبت خاطرات"، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400.
- سینا واحد و دیگران، "بخش خاطرات: خاطره و خاطرات"، نشریه یاد، شماره 1، زمستان 1364.
- صدرالدین الهی، "يك قرن در آینه دو کتاب"، فصل نامه ایران نامه، سال چهاردهم، شماره 4، پائیز 1375.
- عالمه رنگریز، "پێگه (گرنگی) یادداشته‌كان له نووسینه‌وه‌ی مێژوودا"، وه‌رگێران له فارسییه‌وه: ئه‌ركان ئه‌حمه‌د جاف، گۆڤاری خاڵ، ژماره 36.
- علیرضا کمری، "یادنوشت"، گفتگو با علیرضا کمری، ماهنامه انشا و نویسندگی، شماره 25، آبان 1391.
- غلامرضا کرباسچی، "بخش خاطرات: فصل اول: خاطره‌شناسی"، نشریه یاد، شماره 11، تابستان 1367.
- فریدون آدمیت، "در تفکر تاریخی و روش تحقیق"، دو ماهنامه بخارا، سال یازدهم، شماره 4 (پیاپی 65)، اردیبهشت 1387.
- فصلنامه یاد، "پژوهشی پیرامون خاطرات، فصل اول: خاطره‌شناسی، قسمت 3: خاطرات و تاریخ"، شماره 12، 1367.
- محمد غربي، "دور المذكرات الشخصية في ترسيخ التاريخ الجزائري"، مجلة الحوار متوسطي، المجلد العاشر، العدد 1، مارس 2019.
- منصوره اتحادیه (نظام مافی)، "خاطرات رجال قاجار" مروری بر أمور دربار و روابط درباریان، فصل نامه ایران نامه، سال چهاردهم، شماره 4، پائیز 1375.
- ناصر فکوهی، "انسان شناسی حافظه و خاطره"، ماهنامه آزما، شماره 163، بهمن 1400.
- نصرالله امامی، "زندگینامه نویسی، شیوه و تاریخچه"، مجله نشر دانش، شماره 58، خرداد و تیر 1369.
- یعقوب توکلی، "دوازده سبك تاریخنگاری نقلی"، نشریه زمانه، سال چهارم، شماره 41 و 42، بهمن و اسفند 1384.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

- بوشرا قادر كاكه محه‌مه‌د، ئێستاتیكای گێرانەوە لە ئەدەبی كوردیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زمان، بەشی زمانی كوردی، ٢٠٢٢.
- سمیه رفیعی فصیحی، بررسی ویژگی های خاطرات فعالان جبهه ملی، پایان نامه جهت اخذ درجه كارشناسی ارشد، دانشگاه الزهرا (س)، دانشكده ادبیات، زبان ها و تاریخ، رشتەی تاریخ.
- سمیه عباسی، تحول خاطره‌نویسی و جایگاه آن در تاریخ نگاری دوره قاجار (1209-1343 ه.ق)، پایان نامه جهت اخذ درجه كارشناسی ارشد، رشته تاریخ، دانشگاه الزهرا (س)، دانشكده ادبیات، زبان ها و تاریخ، 1388.
- عبدالله بن احمد بن حامد آل حمادى، أدب الرحلة في المملكه العربيه السعودية، رسالة ماجستير، جامعه أم القرى، 1417هـ – 1418هـ/ 1997م.

- Jennifer Jensen Wallach, Remembering Jim Crow: the literary memoir as historical source Material, Doctor of Philosophy, University of Massachusetts Amherst, Department of Afro-American Studies, May 2014.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**توێژینەوەی زانکۆیی**

- Robin Thomas, Reflections on the Memoir as a literary genre and on the production of my memoir, including the musical component, Academic Essay to accompany the M.Phil, University of Salford, June 2016.

**ماڵپەڕی ئینتەرنێتی**

- Britannica, “autobiography”, https://www.britannica.com/art/autobiography-literature, accessed: 25/6/2022.
- Britannica, “chronicle”, https://www.britannica.com/art/chronicle-literature, accessed: 4/7/2022.
- Britannica, “diary”, https://www.britannica.com/art/diary-literature, accessed: 23/6/2022.
- Britannica, “journal”, https://www.britannica.com/art/journal-literature, accessed: 23/6/2022).
- Cambridge Dictionary, “memoir”, https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/memoir, accessed: 26/6/2022.
- G. Thomas Couser (2014), “Memory, Memoir, and Mimesis”, Online pdf on: https://www.academia.edu/9470841/Memory_Memoir_and_Mimesis, p. 1. accessed: 6/8/2022.
- La langue francaise, “Mémoire”, https://www.lalanguefrancaise.com/dictionnaire/definition/memoire, accessed: 24/7/2022.
- lettres.tice.ac-orleans-tours, “MEMOIRES”, Etymologie du mot "mémoires" (ac-orleans-tours.fr), accessed: 24/7/2022.
- Literary devices, “memoir”, https://literarydevices.net/memoir, accessed: 5/8/2022.
- Macmillan dictionary, “memoir”, https://www.macmillandictionary.com/dictionary/british/memoir, accessed:17/9/2022.
- Ny Book Editors, “How to Write a Memoir That People Care About”, https://nybookeditors.com/2016/03/how-to-write-a-memoir-that-people-care-about/, accessed: 10/8/2022.
- Richard Nordquist, “A Look at Personal Letter Writing”, https://www.thoughtco.com/personal-letter-composition-1691499, accessed:5/2/2020.

- محمود روح الامینی، "ارزش تاریخی و اجتماعی نامەهای خصوصی"، https://bit.ly/3R0bPEh، تاریخ دسترسی: 2022/8/21.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)